

پۆل ئیستراتیرن
له فارسییه‌وه:لوقمان ره‌ئوف

# ئاشنابوون به ڤێرجینیا وۆلف

سه‌رپه‌رشتیاری پرۆژه:

ئه‌نوه‌ر حسێن «بازگر» - لوقمان ره‌ئوف

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
07701535029
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
07701369792

تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ.... تیراژ: ١٠٠٠ دانە ... نرخ: ٤٠٠٠ دینار

## ژیان و بەرهەم

ڤێرجینیا وۆلف ناوی ئەسڵی (ڤێرجینیا ئیستیۆن)ەو لە 25 ژانویەی 1882 لە لەندەن هاتووەتە دنیاوە، یەکێکە لە منداڵە حەساسەکان و لە ماڵێکی گەورەی گەڕەکێکی ئەشرافی کنزینگتۆن و لە نێوان ژمارەیەکی زۆر جۆراوجۆر لە ئەندامانی بنەماڵە و خزمەتکاران گەورە بووە، باوکی(لزلی ئستیون) سەرنوسەری گۆڤاری ناوداری (کورن هیل) بوو، ڕۆمانەکانی هێنری جیمس، تامس هاردی و هەندێکی تر بە شێوەی زنجیرە بڵاودەکردەوە، بە درێژایی تەمەنی منداڵی ڤێرجینیا باوکی سەرقاڵی کارێکی گرنگی وەک فەرهەنگی ژیاننامەی میللی بوو، کە بنەمایەکی باوەڕپێکراوی هەبوو، لە پێناو ئەم کارەشدا (650) کەس هاوکاریان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو سەرەتا فەرهەنگیانە کە زیاتر لە (26) بەرگ بوو بنوسێت. کارەکانی ڕابردوو کاریگەری خراپی لەسەر ئەو بەجێهێشت، بەجۆرێک دڵەڕاوکێی زۆر باڵی بەسەر حاڵەکەدا کێشابوو، هەندێ کاتیش بەهۆی شەڕ و ئاژاوەی نێوان لزلی و جولیاوە ڕوویدەدا، کە ژنێکی جوان و حەساسیەتی هونەرمەندانەکەی هەبوو.

لە خێزانەکەدا دوو برای باوکی تۆزێک گەورەتر بەناوەکانی (جرالد و جۆرج) و خوشکێکی هەبوو، منداڵەکانی جولیا کە لە شوی یەکەمی بوون و (لزلی)یش لە هاوسەرگیریەکەی کچێکی بەناوی (لۆرا)وە هەبوو، کاتێک لۆرا گەورەبوو دەرکەوت کە نەخۆشی دەروونی هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە، جرالد و جۆرج خاوەن متمانە بە خۆی و زیرەک بوون، جگە لەمەش ڤێرجینیا دوو براو دوو خوشکی باوک و دایکی هەبوو، کە سیانیان لەخۆی گەورەتر بوون،

سیانیان لەم خوشک و برایانە کاریگەری و حاڵەتی دەروونیان هەبوو، لەم جۆرە حاڵەتانەدا دایک دەرفەتی خستنەڕووی هەستی خۆی بە تاک تاک بۆ منداڵەکانی نییە.

ڤێرجینیانە خرایە خوێندنگەو باوکی هەرکاتێک دەرفەتی هەبوایە سەرقاڵی فێرکردنی ڤێرجینیا دەبوو، باوکی لەلایەکەوە باوەڕی بە نەهجی لۆژیکی لە ژیاندا هەبوو، لەلایەکی ترەوە لە ڕوانگەی ئاینەوە زۆر بە قوڵی لێی دوور بوو، کە لە سەردەمی لوتکەی دەسەڵاتی بۆرژوازی و سەردەمی مەلیکە ڤیکتۆریا نائاسایی سەیردەکرا. ڤێرجینیا کاتە زیادەکانی بە گەڕان بە کتێبخانەی باوکی بەسەردەبرد، باوکیشی ئەو کتێبانەی کە خوێندبوونیەوە گفتوگۆو پرسیاری لە ڤێرجینیا دەکرد. بە وتەی ڤێرجینیا باوکی ئامۆژگاری دەکرد ،کە بەلایەنی کەمەوە وشەو ڕستەی گونجاو بە زۆریش ڕۆشن و دیار، واتە ئەوەی کە مەبەستیەتی بنوسێت، ئەمە تاکە وانەی باوکی بوو لەبارەی هونەری نوسینەوە، ئەو وانانەی کە لە باوکیەوە فێری بوو بوو، تەواو پرسیاری هۆشمەندانە بوون و لەبارەی ئەو کتێبانە بوون کە ڤێرجینیا دەیخوێندنەوە و لەوی دەکردن، ئەوی هاندەدا تاوەکو لەبارەی واتای واقیعی ئەوەی خوێندویەتیەوە ڕاستی بخاتەڕوو، ئەگەرچی دواتر ڤێرجینیا دەڵێت»باوکم چاو و گوێی کردمەوە»، هەروەها دەڵێت»نەدەبوو ئەوەندە هۆشمەندبوومایە، چونکە بەبێ هۆش ژیان زۆر جێگیرتر دەبوو» لەڕاستیدا بەهۆش بوو، شتێکی نەوت و لە تەنهایی ژوورەکەیدا بەرهەمەکانی شکسپیر و ئەدەبیاتی یۆنانی کۆنی تەواوکرد و دەستی دایە خوێندنەوەیەکی زۆر بەرفراوان لە بواری مێژوو، ئەدەبیات و فەلسەفەدا، لە پانزەساڵیدا بەرهەمی (کارلایل) ی خوێندەوەو دەستی دایە زمانی ئەڵمانی.

سەردەمی منداڵی ڕوویەکی ئاسایی تری هەیە، وەک ئەوەی ڕۆیشتن بەپێی ڕۆژانە لەناو باخەکانی (کنزینگتۆن) و (هایدپارک) لە نزیکی ماڵیان، هاوینان خێزانەکەیان لە ماڵێکی هاوینە لە قەراغی سنت ئایوز لە دوورە دەستەکانی کورنوال نیشتەجێدەبوون، منداڵەکان مەلەیان دەکردو چەندین کاتژمێریش لەناو حەوزەکاندا یاریاندەکرد، منداڵەکانیان لەو تەمەنەدا ،عادەتیان وابوو کە قسەو شۆخی لەگەڵ یەکتری بە دەستەجەمعی پێش خەوتن سەرقاڵ بکەن و زۆر زوو ئەوە

ئاشکرا بوو کە چیرۆکەکانی ڤێرجینیا لە ماڵ و سامان جوانترو سەرگەرمکەرترن و ئەوەندەی نەبرد کە ئەو هەر شەوەو چیرۆکێکی نوێی دەناساند، لە حەوت ساڵیدا چیرۆکەکانی لە رۆژنامەی خێزانەکەیان، هەواڵی باخی هایدپارک و شتە بڵاوەکانی ماڵ دەنوسی، دواتر ڤێرجینیا ئەوە بیردەهێنێتەوە ،کە لەم تەمەنەدا (هونەری نوسین) بۆی گرنگ بووەو (لە هەمان ساڵدا هۆکاری بچوکیم بە هێڵ و بۆقی چیرۆکی دەنوسی، سەرنجڕاکێشی ئەم هونەرە بووم)، هەروەها ئەو ئاگادار بوو کە رۆژنامەی خێزانەکەیان باوکی بە وردی دەیخوێندەوە ، لەگەڵ ئەوەی خوشکێکی گەورەتر لە ڤێرجینیا، ونسا دوای ئەمە دەڵێت»بیرم نایەت کە ڤێرجینیا هیچ کاتێک بیری نوسینی لەبیرکردبێت» لەگەڵ بوونی ئەمەدا کە ڤێرجینیا لە خێزانێکی لەم شێوەیەدا قەرەباڵەغ و سۆزاویدا گەورەبووە، ئەم حاڵەتەش وایکردووە کە زۆر حەساس بێت، کاتێک بوو بە حەوت ساڵ، برا زڕە هەژدە ساڵەکەی جرالد ئەوی بەرزکردەوەو کێشای بە قەراغی پەنجەرەی نزیک ژووری نان خواردن و ماوەیەک لەوێ مایەوە: کاتێ لەوێ دایانام سەیری خۆمم کرد، تا ئێستاش هەست بە دەستەکانی دەکەم، بەهێزتر بەرەو خوار ڕۆیشت لەبیرمە حەزمدەکرد تەواوی بکات بێتاقەت بووم هەرچەندە هەوڵمدەدا، بەڵام ئەو ڕێگە پێدەر نەبوو، لەبیرم دێت کە نارەحەت بووم کە کارەکە بۆ ئەوان بێت و ئەم هەستە مەغشوشە چی دەڵێت؟ دەبێت هەستێکی بەهێزت هەبێت، چونکە ئێستا ئەوەت بیردەخەمەوە» .

ئەم واقیعە هۆکاربوو کە لە بارەی خۆیەوە هەست بە شەرم بکات، ئەم شەرمە بە تایبەتی لە بەرامبەر ئاوێنەدا هەستیپێدەکرد، لە ژووری نانخواردنەکەدا ئاوێنەیەکی بچوک هەبوو کە گوایە لەبیری ئەودا هاوکاری کاری جرالد دەکات، چەند ساڵێک دواتر لەبیری هاتەوە کە هەرکەسێک ئەیبینێت کە لە ئاوێنەی خۆیدا سەیردەکات هەست بە شەرم دەکات. بە وتەی خۆشی»بە گومانم لە بەدەنی خۆم، شەرمم دەکرد یان دەترسام» و ڤێرجینیا لەگەڵ حەساسی دەروونی لە هەمانکاتدا لە توانایدا هەبوو ڕابردوو بە بیری خۆی بهێنێتەوە و هەستەکانی خۆی ڕاستگۆیانە هەڵسەنگێنێت. لە سیانزە ساڵیدا ئەزمونێکی دیاری تری تێپەڕاند، لە مانگی مەی ساڵی 1895 دایکی لەدەستدا، ئەم ڕووداوەش هەست و سۆزی

دژو قوڵی له ڤێرجینیادا دروستکرد، شیاوی باسکردنه خۆی باوەڕی بۆخۆی دروستکردبوو ،که دایکی وەک ئارمایی، لەناو ماڵەکەدا ئامادەیی هەیە، ئەو ئامادەبوونێکی رۆژانەی هەیە، بەڵام کاتێک ڤێرجینیا ناچاربوو ئەو بکوژێت، ئەگەر نا ئەو ڤێرجینیا دەکوژێت، بە گواستنەوە لەو ماڵە، به درێژایی زستان و له ئەنجامی ئەمه ڤێرجینیا دێوانه بوو، ئەگەرچی سەرەنجام ئارامبوویەوە، چیتر ئەو یەقینی عاشقانەییەی کاتێک خێزانەکەی به فەزڵ دەیبەخشیه ڤێرجینیا ،هەستی پێنەدەکرد.

دوای مردنی دایکی هەستەکانی لای چەند ژنێکی بە تەمەنی ناسراوی خۆی دەردەبڕی، دیارترینیان خانم وایلت دیکنسون بوو، ژنێکی بەهۆش و شونەکردوو بوو، 180 سم بەرزی و ڕوخسارێکی سادەو هەڵسوکەوتی شێوە پیاوانه بوو، ڤێرجینیا دەستی به ناردنی نامه کرد بۆ ئەم و تێیدا هەستی نەگونجاوی کۆمەڵایەتی و پەرچەکرداری ناخۆشی سەبارەت به باوکی بەبێ پێچ و پەنا دەنوسی، بەڵام ئەم نامانه زیاتر له چەند گەشتێکی کرانەوەی ئاسایی لاوێکی دڵگران بۆ کەسێکی گەورەی میهرەبان بوون، ئەمانەش نیشانەی ژنێکی جوان و تەواو و بەئاگا که دۆستەکەی به شێوەی بێپەردەو سەتیر ئاسا دەردەخات، ئەو بۆ وایلت مێردێکی خەیاڵی دروستکرد، لەبارەی مەرجی پاکی وایلت ڕووبەڕوو دادەنا، دوای ئەوەی خۆی بەبێ باوەڕی پێوانەکرد. دۆستایەتی لەگەڵ وایڵت دیکنسون به ئەندازەیەک بوو ،که له هەفتەیەکدا سێ نامەی بۆدەنارد، نەک هەر ئەوە گەیشته ئاستێک له خێزانەکەی دووربکەوێتەوە، هەتا پەیوەندی لەگەڵ خوشکی خۆشەویستی ونسا تا ئاستی دەمەقاڵێ و حەسودی برد، ئەوەندەشی نەمابوو که پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا خراپ بێت، هەرچەنده باوکیشی چاوەڕێ بوو ڤێرجینیا میراتگری ئەدەبی باوکی بێت و سیاغەی فەرهەنگنامەی میللی له ئەستۆبگرێت، بەم هۆیەشەوە هەوڵیدابوو خوێندنی ڤێرجینیا بەرەو ژیاننامەو مێژوو ببات، لەگەڵ بوونی ئەمەدا بە ئاشکرا دیاربوو ،که ئامادەباشیەکی دیاری هەیە، باوکی ڕێگری کرد بچێته زانکۆ، لەکاتێکدا هەموو کوڕەکانی نارد بۆ زانکۆی کامبریج، له ئەنجامدا ڤێرجینیا لەلایەن باوکیەوە توشی سەرزەنشتکردن بوو، هەرچەنده ئەم سەرزەنشتکردنه بەرەو سزادان ڕۆیشت.

دواتــر لزلی ئستیون نەخۆش کـەوت و هەرچەندە نەخۆشیەکەی خراپتردەبوو، پێشبینیەکانی بەتایبەتی لەسەر ڤێرجینیادا زیاتر دەبوون، هەتا کاتێک ڤێرجینیا منداڵتربوو، دایکی سووربوو لەسەر ئەوەی هەموو رۆژێک لەگەڵ باوکیدا بچێت بۆ پارک و سەربەخۆبێت، زیاتر بەهۆی ئەمەوە خۆی لەم کارە بناسێنێت، لە بەرامبەر ئەمەدا کاتێک ئەوە دیاریکرا کە لزلی دووچاری شێرپەنجەی غودەی پیس بووە خراپتربوو، چاوەڕوانی ئێدەپەڕی و ڤێرجینیای بیست و یەک ساڵە چاودێری دەکرد، بەهەمان شێوە باوکی لەگەڵ نەخۆشیەکەدا دەست و پەنجەی نەرمدەکرد، ڕقێک کە ڤێرجینیا لە باوکی هەیەتی پلە بە پلە کار لە هەست و ناخۆشی ئەو بەسەر باوکی دا زاڵ دەبێ، نامەکانی بۆ وایڵت دیکینسون پڕە لە هەستی زۆر «چاوەڕوانی شیاوی تەحەمولکردن نییە، من هەموو هەوڵێکی خۆمدا تاوەکو پێش گەیشتنە ئەم قۆناغە، بونیەی خۆم لاوازبکەم تاوەکو زووتر بمرم».

لزلی ئستیون سەرەنجام لە شوباتی 1904 کۆچی دوایی کرد، بەبێ میانە لەدوای ئەمەوە ڤێرجینیا دووچاری نەخۆشی دەروونی تر بوو، بە وتەی کۆئنتین بێڵ مێردی ئایندەی خوشکی ونسا و یەکەمین نوسەری ژیاننامەی ئەو « ڤێرجینیا دەنگێک دەبیستێت کە ئەو بە ئەنجامدانی کاری بێئەقڵانەوە قەرزاربارەدەکات» ڤێرجینیا خۆی خانەنشینکرد، گرفتی زۆرخۆری هەیەو بڕیاری دا خۆی برسی بکات، سەرەنجام ڕۆیشت تاوەکو لەگەڵ وایلت دیکینسون لەماڵی ئەودا لە برینهام بژی، کە لە دەوروبەری لەندەن بوو، کاتێک لە جێگەدا ڕادەکشێت، دڵنیابوو ئەو باڵندانەی کە لای پەنجەرەکەیەوە بوون، بە یۆنانی ئاوازیان دەخوێند، ئەوەی کە ئیدواردی حەوتەم پاشای وەرزش چەندین وتەی خراپی بە زماندا دەهات ،لە کۆتایدا هەوڵیدا لەو پەنجەرەیەدا خۆیبکوژێت، بەڵام پەنجەرەکە زۆر بەرز نەبوو، بۆیە زیانی بەتەواوی پێنەدەگەیاند، بە وتەی بیل « بەدرێژایی زستان ڤێرجینیا دێوانە بوو»، کەمێک بەر لەم ڕووداوانە زڕبرایەکی تری (جورج) دەستی بەو جۆرە هەڵسوکەوتانە کرد، کە بۆی ئاشنابوو، بەڕاستی مەبەستی جورج بە هەمان شێوە کە ئەو وێنای دەکرد هەوڵدان بوو بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی سێکسی.

بەریتانیا لە سەردەمی ئیدوارد پاشا کۆمەڵگەیەکی تەواو پیاوسالارو چینایەتی بووە، هیچ یەکێک لە برا زرەکانی ڤێرجینیا ،هەستیان نەدەکرد کە لە

هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەودا شتێکی نائاسایی تێدابێت، هەتا خودی ئەو ئەوەندە جەختی لەسەر ئەم ڕووداوانــە نەدەکردەوە، هـەروەک جاران هەڵسوکەوتی خۆشمەندانە لەگەڵ برا زڕەکانی دەکرد، تەنها لە نوسنی نامەیەک و ژیاننامەیکدا ئاماژەی بەم ڕووداوە ناخۆشانە کردووە، کە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا ئەم دووانەی نوسیوە.لە ڕاستیدا ڤێرجینیا لە ژیاننامەکەیدا ئەوەی خستوەتەڕوو ،کە ئازارێک کە لە منداڵیدا و لە (جرالد) بینیویەتی، تەنها هۆکارێک بوو کە نەفرەتێک لەبارەی مەسەلە سێکسیەکانەوە هەبوو ،لەودا توندبێتەوە. هەموو ئەم مەسەلانە هۆکاربوون کە ڤێرجینیا بەو شێوەیە بێت کە هەبوو. بەڵگەو هۆکاری ئەسڵی هەرچیەک بێت شیاوی تێڕوانینە، کۆمەڵێک لە ژنانی خاوەن عەیبی بۆماوەیی، کەشی سۆزداری خاوەن هەڵچوی خێزان، ڕوودانی مزاحەمەتی سێکسی ،مەرگی دەردەدار، ئارامی لەخۆوە ،بەهۆی ئاشنابوون بە ژنانی بەساڵاچوو هۆکاربوو ڤێرجینیای جوان سارد بێت کە مەیلی هاوڕەگەزخوازانەی ناڕەگەزی هەبێت و تێکچوونی دەروونی هاوکات هەڕەشەی لەو دەکرد. خاڵێک کە زیاتر جێگەی تێڕامانە ئەوەیە ،کە لە میانەی ئەم ڕووداوە ئازاربەخشانە، هۆشی استسنائی و سەلامەتی عەقڵی ئەو بە هەڵوێست دەهێڵێتەوە و لەو هەستە پڕ چالاکەو متمانە بەخۆی وادەکات کە لە نامە بڕیاردەرەکانیشی متمانەی بە هاوڕێیانی هەبێت.

ناتوانم هەستەکانم لە بارەی گەڕانەوەی تۆ بخەمەڕوو، ڕێز وەک پەتێکی بێڕەحم وایە پێویستە لەگەڵ ئەوانەدا جیاوازبێت ،کە نابێت بکەون، لەبری ئەمەش لەگەڵ مرۆڤی خاوەن هەست و بەپێی عادەت وەک وایلت من بریندار دەکات، دەمتوانی لەگەڵ تۆ پارێزگاری لە قەدوباڵای خۆم بکەم. لە (کامبرج) بە ڕێوڕەسمی مەزهەبی زۆرجوان لە کینگز چەپل رۆشێت، هیچ شتێک بەپێی ڕێوڕەسمی مەزهەبی لەم کلێسا کۆنانەدا ناگات، ئەگەرچی باوەڕی بەیەک وشەش ناکەم و هەرگیز نەمویستوە بیکەم.

نەوەی نوێی خانەوادەی ئیستیون لەدوای مردنی باوکیان گواستیانەوە بۆ ماڵێکی تر لە مەیدانی گۆردۆن لە بلومزبری لە لەندەن، ئینجا ڤێرجینیا لەگەڵ هاوەڵی زانکۆی براکەیدا (توبی) ئاشنابوو، کە بە درێژایی پشوی زانکۆی کامبریج زۆرتر بۆ دیدەنیان دەهاتن، هەموو شەوی پێنج شەمەیەک دانیشتنی بە کۆمەڵیان

ڕێکدەخست و ئەم خوێندکارو ڕۆشنبیرانە سەرقاڵی بابەتی وەک پێناسەی چاکە، یان واتای جوانی دەبـوون. بە بۆچوونی ڤێرجینیا ئەم باسانە بەرەو لایەنی ڕوخساری دەچوون، بەڵام خۆشحاڵ بوو کە لەناو کۆمەڵێکی وادایەو ژنان بەچاوی ئازادی بیریەوە سەیر دەکەن، برا زڕەکانی ڤێرجینیا (جیرالد، جورج) کەلتوری بوون و باوەڕیان بە بیروبۆچونی ژنان نەبوو، یەکێک لە هاوەڵانی زانکۆی توبی، جوان بوو بەناوی (لیتون ئستریچی) بوو، دوای ئەوەی بە میوانی چا خواردنەوە بانگهێشتکرا بۆ مەیدانی گردون، نامەیەکی بۆ دۆستێکی کامبریجی تری توبی بەناوی (لیونارد وۆلف) نوسی تێیدا ڤێرجینیای کچی « زۆر زیاتر بەبز لەگۆ، قسە زۆری، تەواو دابڕاو لە واقیعیەت وەسفکرد.-

لە ساڵی 1906 دا توبی گەشتێکی خێزانی بۆ یۆنان ڕێکخست و ئەدریانی برا بچوکی و ونسا و ڤێرجینیای لەگەڵ بوو. وایلت دیکنسون هەم وەک رۆلی (بەخێوکار )یان لەگەڵ بوو، بە شەمەندەفەر و کەشتی خۆیان گەیاندە ئەسینا و بۆ بینینی بەرهەمی کۆنی بەڕێگەی وڵاخدا چوون بۆ لادێ، لەو سەردەمانەدا یۆنان کیشوەرێکی دوورکەوتوو پەراوێزخرابوو، سەفەرێک بوو کە زۆر گونجاندنی دروستکرد، پاش گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە، ونسا دووچاری هەوکردنی زۆرو خەمۆکی بوو، جگە لەمەش توبی و وایلت دیکینسون نەخۆشکەوتن و توشی مەلاریا بوون، بەڵام سەیربوو کە ڤێرجینیا هیچ جۆرە نەخۆشیەکی لەشی و گیانی و دەروونی نەهات و بە هەموو توانایەکی خۆی پەرستاری نەخۆشەکانی دەکرد، بە درێژایی ئەم ماوەیە لە خوشکەکەی ونسا نزیک بوویەوە، بەڵام زۆر بە ناڕەحەتی بینی کە پزیشکەکان سەرلەنوێ چاوپێداخشانەوەدا نەخۆشی توبیان ڕاگەیاند و تەنها پاش چوار هەفتە لەدوای ئەم نەخۆشکەوتنەی کۆچی دوایی کرد، لیتون ئستریچی هاوڕێی تۆنی زۆر دڵگران بوو، هەواڵی گەیاندە هاوڕێی لیونارد وۆڵف. کە ئەمڕۆ لە سیلان مستەعمەرەی ئەو رۆژانە و سریلانکای ئەمڕۆ کاری بەڕێوەبردنی هەبوو.

لە لایەک باسە هەفتەیەکانی گوردون، لەژێر کاریگەری ئستریچی و لەلایەن دۆستە کەمبرێجیەکەی جان مینارد کینز ئابوریناسی لاو و دیار لە لایەکی ترەوە، کەم کەم ڕەنگی ئاکاری خود لەدەستداو دەستیدایە بابەتە جیاوازەکان، ئیستریچی دانی بە لێدوانی هاوڕەگەزیدا نا، هەروەها ئەوانیتری هاندا کە باوەڕی سێکسی

ئاکاری و هونەری خود ڕاستگۆیانە لەناو کۆمەڵێکدا بەسەربەرێت، نێوانی ڤێرجینیا و ونسای لاوازکرد، بۆئەوەی بیروڕاکانی خۆی بێپەردە بخاتەڕوو. ئەم دوانە سەبارەت نزیکبوونەوەی هاوڕەگەزگەرایی زۆر ڕاشکاو بوون. لەم سەردەمانەدا هاوڕەگەزگەرایی لە بەریتانیا نایاسایی بوو، بەهۆی دادگایکردنی ئۆسکار وایلد کە یەک دەیەی پێش کۆمەڵگەی دووچاری جەنجاڵی کردبوو، بەچاوی بابەتی خراپەوە سەیردەکرا، کۆمەڵگەی بەریتانیا کۆمەڵگەیەک بوو ،کە لەو ڕێڕەوەدا بە نائاگای ڕەگەزی تێکەڵاو بوو بوو، هاوڕەگەزی ژنان بە پێچەوانەی هاوڕەگەزی پیاوان نایاسایی نەبوو، بەو بەڵگەیەی کاتێک داوایان لە ڤیکتۆریای شاژن کردبوو یاسای قەدەغەکردنی هاوڕەگەزی جێبەجێبکات، ئەسڵەن ئامادە نەبوو قبوڵی بکات کە شتێک بەناوی هاوڕەگەزگەرایی ژنان دەتوانێت بوونی هەبێت، کاتێک لایحەی یاساییان دا بە شاژن، لە بیری ئەوەدا بوو، کە لەم بارەیەوە بە پێچەوانەی ڕوانینی پاشاوە چاوپۆشی لێبکات و زۆر بە ڕەقی هێزی گوزارشت ئیبراز بکات مەترسی هەیە. کار گەیشتە ئەوەی کە بیەوێت لەبارەی ڕەوشە کاریەکانەوە قسەی لەگەڵ بکات، لە ئەنجامدا هاوڕەگەزگەرایی ژنان لە یاسای قەدەغەکردنی هاوڕەگەزی کوڕان نەهاتە ناوەوە.

ئازادی و لێهاتویی لە گوزارشتدا کە ڤێرجینیا و خوشکەکانی سەرقاڵدەکات، دەتوانێت لەهەر جێگەیەکی تری جگە لە گروپی رۆشنبیران ،ئەوانی تر سەرقاڵ بکات، لەگەڵ بوونی ئەمەداو لە نێوان ئەوەی کە دوو خوشک دەیڵێن و ئەوەی کە ئەنجامی دەدەن، جیاوازێکی زۆری هەیە، ئەوەندەی نەبرد کە ونسا شویکرد، ڤێرجینیا تەنها مایەوە تا تەکلیفی خۆی بەم (ڕووی ڕاستی) ڕۆشنبکاتەوە و لەدوای ئەم ماوەیەش ئەوەی بیرهێنایەوە:

سەبارەت بەو سەردەمانە، کەم و زۆر سەرکێش بووم، واتە ئێمە لە مەرجی ڕەگەزی ئازادبووین، بەڵام من ترسم لە مەسەلەی ڕەگەزی هەبووە، وەحشەتێک کە لە ژیانی واقیعی هەیە، هەمیشە ئێمەیان لە دیڕێکدا بەند دەکرد، پێش ئەم شتانە و ڕووداوەکانی لەندەن، چەندین کاتژمێر لەپاڵ پیاوی جوان دادەنیشتین، هەرچی لە دەمی ئادەم بهاتایەتە دەرەوە کەم و زۆر پوچ بوو.

ڕووی ڕاستی ڤێرجینیا هۆکاربوو کە هەم لەگەڵ خۆی هەم لەگەڵ

ئەوانی تریشدا ڕاستگۆ بێت، ئەگەرچی لەبارەی ڕەگەزیەوە واهمەی هەبوو، زوو هەستی بەوە کرد کە میوانەکانی ماڵی بلومزبری مەترسییەکی ئەوتۆیان بۆ ئەو نییە، زۆرتر هاوەڵانی وەک ئستریچی پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڤێرجینیا هەستیدەکرد کە لەزەت لەسەرپێچکردنی یاساکان و ڕێوڕەسمەکان دەبات و هەستیدەکرد کە ئەم ڕوانینە نوێیەی، واتە خۆگێلکردن لە ڕێوڕەسمی خنکێنەری چینی باڵای ئەو سەردەمە، ئەوی ئازاد کردووە، لایەنی جدیتری هەیە، ئەوی دڵخۆشکرد تا خۆی سەربەخۆ ببینێت، کارێک کە کاریگەری لەسەر لایەنی پەروەردەیی پارێزراو کردبێت نەیکردووە، سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەحساسی واقیعی خۆی هەڵسەنگێنێت. ماوەیەک بوو کە ڤێرجینیا شتی لەبارەی ڕەخنەی کتێبەوە بۆ رۆژنامە جیاوازەکان دەنوسی، ئەم کارەش بە هاندانی وایلت دیکینسون ئەنجامدەدا، کە ئەو بە هاوەڵە سەرنوسەرەکانی خۆی ناساندبووی، داوایان لە ڤێرجینیا کردبوو ،بۆئەوەی توانای ئەدەبی خۆی پیشانبدات ،وتار بنوسێت، ڤێرجینیا بەم شێوەیە بۆ هاوەڵی مەحرەمی نهێنیەکانی وایلت دیکینسون دەنوسێت:

گومان ناکەم بەختێکی زۆرم هەیە، هەرگیز خستنەڕووی ڕاشکاوانەی خاتوو (ل)م ناوێت، چەکوشم دەوێت، خۆم خاڵی بەهێز و لاوازی خۆم دەزانم، زۆر زیاتر لە بڕیاردان کە ئەو دەیەوێت لە تاریکیدا ئەنجامی بدات، بەڵام بووە هۆی ئاسودەیی خەیاڵی، ئەگەر بتوانم بە ئاسانی لەم ڕێگەیەوە بەدەستی بهێنم.

نیگەرانیە مادیەکانی ئەو زۆرتر واقیعی بوون، بەڵام نرخی خۆی لەخۆیدا بەم شێوەیە نەبوو، لەوانە ئەوەندە متمانەی بە بەختی خۆی نەبێت، بەڵام لەبارەی بەسەرهاتەکانی خۆی هیچ گومانێکی نەبوو، ئەم متمانە بەخۆبوونە لە ڤێرجینیای بیست و دوو ساڵە بەبێ هۆکار نەبوو، ئەوەندەی پێنەچوو کە نوسینەکانی دەستکەوتنەوە، دەرکەوتنی ئەو لە ساڵی یەکەم ،سی و پێنج بەرهەم، تەواوی ڕەخنەو وتاری کورت و بەرز بۆ چاپکردن قبوڵکران. دوای یەک دوو ساڵی تر گەیشتبووە ئاستێک کە ڕەخنەکانی لە پاشکۆی ئەدەبی تایمز چاپکران ، ئەگەرچی چاپی ڕەخنە لەم بڵاوکراوەیەدا بە پلەی گەیشتن بە لوتکەی ڕەخنەی ئەدەبیە، ئیشکالاتی خۆی هەر هەیە، هەموو ڕەخنەکانی ئەم پاشکۆ ئەدەبیە

بەبێ واژوو بڵاودەکرێنەوە، بەپێی ئەم وەسفەش ئەم ئیمکانیەتە بۆ ڤێرجینیا دێتە ئاراوە، تاوەکو ئیدراکی خۆیان بە ئازادی دەرببڕن، ئیشکالاتی تر ئەوەبوو کە سەرنوسەرەکان بەزۆری نوسینەکانان کورتدەکردەوەو بە گوێنەدانی ئەوانە بە هەموو شتێک لە جوانی شێوەکان تاوەکو بەکارهێنانی واتای وشە، ڤێرجینیا زۆر جەختی لەسەر کردەوە لەگەڵ ئەم ڕێگریانەدا ڤێرجینیا بە زویی شێوەی سەتیر، پوختەو هۆشمەندانە، بۆخۆی دێنێتە ئاراوە، تەنها کاتێک ئەمە بەشێوەی تانە پەیڕەو دەکات کە ئەو هەستدەکات کە کتێبەکانی خۆی شایەنی لەم جۆرە تەحقیریەن.

ئەوەی کە یەک بەرگ کتێب تۆزوخۆڵ گرتونی، پەیوەستە بە ساڵی 1828، لە شێوەی چاپی نوێ لەم سەردەمی پڕ بارە لە سەدەی بیستەم گل بکات ،شایانی ئەوەیە کەم و زۆر پێشێلکاری یاسا سروشتیەکان بێت.

پێشنیارێکی تر کە لە ساڵی 1909 بۆ ڤێرجینیا کرا، دەبێت بەپێی مخالەفەتی تەحقیر ئامێز ئەو ڕووبەڕوو بێتەوە، ئەویش پێشنیاری هاوسەرگیری لیتون ئستریچی بوو.

ئستریچی کەسێکی زۆر خۆشمەشرەب و بە هۆش بوو، هۆکارێک کە وایکردبێت ئەم لای ڤێرجینیا خۆشەویست بکات، ئەو ئارەزوە ئەدەبیانەی بوون کە بۆ ڤێرجینیای دەخستنەڕوو، لەم بارەیەوە زۆر جێگای خواستبوو، ڤێرجینیا بە هەمان شێوە بوو، ئەوەندەی نەبرد کە هەردووکیان سەرنجی یەکتریان بۆلای خۆیان ڕادەکێشا، تا ئاستێک شەوێک لیتون ئەوەندی چووە پێشەوە کە پێشنیاری کرد هاوسەرگیری بکەن. ڤێرجینیا بەهۆی ئەو کاریگەری و ئەو هەست و سۆزەی لیتون لەو کاتەدا پێشنیارەکەی قبوڵکرد، بەڵام کەمێک پاشتر لیتون لە بۆچوونی ئەوەوە کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنێکدا هەیە و لەو دەترسا لە حاڵەتێکدا کە ڤێرجینیا بە تەواوی لە بوونی پەیوەندی ێکسی دەترسا، لیتون لە بیری ئەوەدا بوو کە هاوسەرەکەی بیەوێت ئەو ماچ بکات دەترسێت، وێنایەک کە شیاوی تێڕوانین نەبوو، چونکە هەرگیز لە بیری ڤێرجینیادا نەهاتووە، خۆشبەختانە لە کۆتایدا عەقڵیان بەبەردا هاتەوە (یان بەلایەنی کەمەوە عەقڵی هەریەکەیان بەشێوەی خۆی هاتەوە شوێنی خۆی) و لە گفتوگۆیەکی عاقڵانەی دوورودرێژدا ڕێککەوتن ،کە

لینۆن ئیستریچی لەمەدا وەک «ڕۆشنگەر» باسی بکات.

لەوانەیە ئەم واقیعە پێکەنیناوی بەرچاو بکەوێت، هەرگیز هۆکاری قسەکردنی ڕاستەوخۆی نێوان دوو دۆستانی نزیک بووە و بە هێواشی دەبنە گروپێکی بەناوبانگ، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ڕێکەوتنە لەو گروپەدا هەرگیز دوور نەبوو، ڤێرجینیا و لیتون هەردووکیان ناسینێکی قوڵیان بۆخۆیان هەبوو، جگە لەمەش ئاگاداری کێشەی دەرونی یەکتریش بوون، پێشنیاری لینۆن بۆ ڤێرجینیا لە ڕاستیشدا ئەزمونێکی کۆمەڵایەتی ئازایانە بوو، هیچ کام لەوانە ئارەزوویان نەبوو و نەیاندەتوانی هاوسەرگیری بە واتای ناسینی ئاماژەیەک بدەن پاش ژیانی چەند ساڵەی دواتر هەردووکیان بەشداری پەیوەندیەک بوون کە زۆر لەوە دەچوو کە وێنایان دەکرد لەگەڵ یەکتردا بن، لیتون سەرقاڵی ژیان و هاوڕەگەزگەریانەی خۆی بوو لەگەڵ دورا کرینگتون، هونەرمەندێک کە عاشقی لیتون بوو، ژیانی دەگوزەراند وەک ئەوەی کە دیمان، لەهەمانکاتیشدا ڤێرجینیا هاوسەریەکی سەرکەوتوو، بەڵام دوور لەوەی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسێکدا کردبێت، کە پیاوە خۆشەویستەکەی بووە.

ئەگەرچی ڤێرجینیا و لیتون لەگەڵ هەڵسوکەوتێکدا کە پێچەوانەی دەروناسی خۆیان بوو، هۆکاری گاڵتەپێکردنی هاوڕێکانیان بوون، هەوڵێک کە دابوویان لەگەڵ خواستە نائاساییەکان کەنار بگرن ،ئەزمونی کۆمەڵایەتی بوو، کە تا ئاستێک بە ئازایانە دادەنرێت، لەوانەیە بتوانرێت بوترێت گروپی بلومزبری پێکهاتەوە لە نوسەران، هونەرمەندان، فەیلەسوفان لە چینی ناوەند بەرەو سەرەوە ڕۆیشت، بەڵام لەبارەی لایەنە کۆمەڵایەتیەکانەوە بە تەدریجی دەتوانن ئەوانە گروپی پێشڕەو بژمێرن کە هەوڵی شێوە بەندی جیهانی ئازادترو زۆر مرونەتر هەیانە و ڕێگەو جۆری بیریان تا نیوەی سەدەی دواتر ،هەم لە کۆمەڵێکی فراوانتر لە کۆمەڵگە دەسەڵاتی نەکرد.

لەناو واتای گروپەکەدا ڤێرجینیا لە هەر جموجۆڵێکی کۆمەڵایەتی دا پڕ هێز دەکات و واهیمەی هەیە بە بوونی ئەم دانپیانان و جموجۆڵکردنە لە کۆلێژی (موولی) دەیخوێند، ئەم کۆلێژە دەزگایەکی تایبەت بوو بۆ فێرکردنی ژنان و پیاوان ،کە دەتوانن ماوەیەکی زۆر لە پۆلەکاندا بە خۆڕایی بخوێنن، بەڕێوەبەری کۆلێژ

کچی مەترانێک بوو بانگهێشتی ڤێرجینیای کرد، گەر دەیەوێت دەتوانێت بخوێنێت ڤێرجینیا پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژن و پیاوانەی کە لەوێ دەیانخوێند پەیوەندیەکی تایبەتیان بە نوسینی دارشتنەوە نەبوو، پەیوەندی ئەمانە زیاتر لەبارەی ئەو داستانانەوە بوو، کە شارەکانی کیشوەرەکانی تری وەک فلۆرەنسا، ئاتن بوو، ئەو شارانەی کە ڤێرجینیا لە پشوی هاوینەی دیبووی، سەرسورمان نەبوو کە ڤێرجینیا لە ڕۆڵی مامۆستایانی ژن و پیاو هەستی بە حەوانەوە نەدەکرد، لەپڕ فەجوەیەکی گەورەی لەنێوان خۆی و شاگردەکانی دەبینی، فەجوەیەک کە خۆشی لە توانایدا نەبوو ئەوە چاک بکات و شاگردەکانی هەم حەزیان بە چالاکبوونی ئەو نەدەکرد، بەهەرحاڵ کاتێک ڕەخنەی کتێب دەنوسێت ، هەمیشە دوێنەرانی خۆی بە خوێنەری ئاسایی دادەنێت، گروپێک بەبێ کۆمێنت بە چینی تایبەتی، کە دادوەری کۆتایی ئەدەبی بوون، وشەی (خوێنەری ئاسایی)، ناگەڕێنەوە بۆ هیچ چینێکی تایبەتی، خودی ڤێرجینیا لە نوسینی ئەم تەوەرەدا وا دەنوسێت»دکتۆر جانسۆن لە کتێبی ژیانی خاکی رستەیەکی هەیە کە چاکە، لە دیواری هەموو ژوورەکاندا لە سوچی بچوکدا ناتوانرێت کتێبخانەی هاوسەری بنوسێت، ئەو ژوورانەی لەگەڵ بچوکیشیان پڕن لە کتێب و کەسانێک تینویەتی بە خوێندنی ئەمانە دەشکێنن» با هاودڵی لەگەڵ خوێنەرانی ئاسایی دڵخۆش دەبین، چونکە ئەناقەت ئەدەبیەکان و کارو پرۆسەی مێشکی عەقڵی سەلیمیان گەندەڵنەکردوەتەوە، دوای بڕیاردانی کۆتایی لەبارەی شانازی شاعیرانەوە مافی ئەوانەیە» .

لە ساڵی 1910 لەگەڵ ئـەوەی ئەم ململانێیە دەستی بەسەر ژیانیدا گرتبوو، بەڵام ئاسودەییەکی کاتی هەبوو، واقیعیەتێک کە هۆکاری ئەوەبوو بە (( سەرکێشی ئازار بەخش)) ناسرابوو، باسێک کە لێرەدا لە ئارادابوو ،برا بچوکەکەی ڤێرجینیا (ئادریان) لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێکانی زانکۆی کامبریج دەعوەتی ڤێرجینیا بکەن، تاوەکو بەهۆیەوە گۆڕانکاری بکەن و رێگە لە ململانێیەکی جەسورانە بگرن، بڕیار بوو ڤێرجینیا و سێ کەسی تر (کە هەرسێکیان پیاو بوون) دەموچاویان رەشبکەن و ریشی دەستکرد دابنێن و عەمامە لەسەر بکەن و جلی رەنگاورەنگ لەبەربکەن و خۆیان وەک (ئیمپراتۆری حەبەشە و وەفدی یاوەری) خۆیان بناسێنن، براکەی ئادریان و یەکێک لە هاوڕێکانی خۆیان لەبری کەسێکی

پایەبەرزی رەسمی وەزارەتی دەرەوەو وەرگێڕی وەزارەتی دەرەوە پیشانبدەن) گروپی خاوەن بڕیار لە پۆرتسمۆس ئامادەبن و ئەفسەری پلە باڵاکان و هێزی دەریایی ئەمانە لە نوێترین گەشتی پێشکەوتووی هێزی دەریایی دەسەڵاتدار بەناوی (ئازاربەخش) وەرگرن، ئادریان بەناوی (وەرگێڕی فەرمی) فەرمانبەر بوو ،رونکردنەوەکانی ئەفسەرانی هێزی دەریایی بۆ گروپی دەسەڵاتدار وەربگێڕێت، هەرچەندە سەرەتا ئاشنابوونێکی کەمی بە زمانی ناوچەیی هەبوو، بەم زمانە قسەی دەکـرد، بەڵام کەمێک پاشتر نەیتوانی قسەبکات و بە زمانی لاتینی قسەی کرد، کە بە خوێندنەوەی کتێبی (ڤێرجیل) فێربووبوو، (حەبەشیەکان - ئەسیوبیەکان) بە باڵایەکی جدی و زمانێکی ناوچەیی وەڵامیدەدانەوە.

ڤێرجینیا هەم لەگەڵیدا و هەم کاتێک کە سەری جۆشی فەلسەفەی گرتبوو، دەیوت(چوکا چوی، چوکا چوی) بانگهێشتی چا خواردنەوەی بە عاقڵانە رەتکردەوە، چونکە لەوانەبوو رەنگی پۆشاکەکانیان پاک بێت و هۆکاری ئاینیی و مەزهەبی بۆ رەتکردنەوەی ئەم بانگهێشنە کردە بەهانە، هەروەها بە تەوازوعی رەتیانکردەوە کە رێورەسمی تەقاندنی (21) گوللە تۆپ کە هێزی دەریایی بە زۆری بۆ میوانانی پاشایەتی دەیکەن،ئەنجامیاندا.

هیچ کەسێک نەبوویە پاشکۆی ئەوان ، گەندەڵی ئەوانە کاتێک زۆرتر گاڵتە ئامێزبوو، کە ئەدریان ئەو فەرمانەی پێکرا کەشتی پیشانی ئەوان بدات و ولیام فیشەر لە خزمی دووریان بوو، کە زۆر بەرز بوو لە نێوان کۆمەڵە باڵاکاندا ،کە لە رەفتاری خێزانی ئسنیۆن و دۆستانیان رووداوەکانیان بڵاوکردەوەو رۆژنامەکان لەوەی روویـداوە ئاگادار بوون ،ئەوانە چێژیان لێوەرگرتبوو، وروژاندنی ئەم جموجوڵە کە پەیوەست بوو بە شەهامەت و توانای رۆحی زۆرەوە، کەمێک بۆ ڤێرجینیا زۆر بوو، و ئەو ناچاربوو بۆ (پشوی چارەسەری) لە ڤێلایەکی دووری ئایسلەند نیشتەجێ بوو.

ساڵی دواتر ڤێرجینیا و ئادریان ماڵێکیان لە برانزویک لە هەمان ناوچەی بلومزبری بە کرێگرت، زۆرێک لە ئەندامانی بلومزبری لەوانە مینارد کینز و برادەرەکەی (دانگن گرنت)ی پەیکەرتاش لەم ناوچەیە ژوریان بە کرێگرتبوو، کاتێک لیونارد وۆلـف، دوست ستریچی وەک مۆڵەت لە بەڕێوبەرەکەی لە

حکومەتی داگیرکاری سیلانی بەجێهێشت و گەڕایەوە وڵات، ئەو ژورێکی لە ماڵی ژمارە (42) لە مەیدانی برانزویک بە کرێگرتبوو، ئەو هاوکاری ڤێرجینیای دەکرد ، بۆ بەسەربردنی پشوی کۆتایی هەفتە ماڵێکی بچوک لە ناوچەی ساسکس دوانز لە باشوری لەندەن بەکرێ بگرێت ، لیونارد وۆلف هەوڵیدا بەخت یاوەری ڤێرجینیا بێت ، ئەگەرچی ڤێرجینیا لە هەستی خۆی لە بەرامبەر ئەودا دڵنیا ئامێز نەبوو، لیۆناردۆ لە کانونی دووەم 1921 دا پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ کرد، بەڵام ئەو زۆر بە توندی وەڵامیدایەوە ، بەهۆی ئەمەوە لیۆناردۆ وازی لە کارەکەی هێنا لە سیلا و کۆتایی بە خاڵی درەوشاوەی لەسەر مێژوو هێنا، دواتر لە مانگی (مەی) رێکەوتنێک روویدا ،کە ساڵەکانی دواتر لیۆناردۆ لە ژیاننامەی خۆیدا بەم شێوەیە باسیدەکات:

لەگەڵ ڤێرجینیا لە ژوورەکەیدا نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خواردوە، دوانیوەڕۆش پێکەوە دانیشتووین و قسەمان لەگەڵ یەکتری کردووە، لە ناکاو ڤێرجینیا وتی (( کە عاشقی منە و ئامادەیە لەگەڵ من هاوسەرگیری بکات، دوای نیوەڕۆی هاوینێکی جوان بوو، هەستمکرد پێویستە ماوەیەک لە لەندەن دووربکەومەوە، بلیتم بە مەبەست کڕی و هەر لەوێ بەلەمێکم بەکرێ گرت و بەرەو مارلۆ چووم، هەستمدەکرد لەو (10) کاتژمێرەی دوایی نیوەڕۆدا ،لە خەونی زیندووی جوانی دا رۆچووبووم.

پاش سێ مانگ لیوناردۆی سی و یەک ساڵە و ڤێرجینیای سی ساڵە، پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجامدا و پاشماوەیەک ڤێرجینیا دەستی کرد بە کارکردن لە یەکەمین بەرهەمدا، ئەویش رۆمانێک بوو کە دواجار ناوی نا (گەشتی دەرەوە)، ئەم کتێبەش یەکێکە لە نوسینە دیارەکانی و هەوڵیداوە لەم کارەیدا هەستی خۆی بە راشکاوی بخاتە ڕوو، بە شێوەیەک لە چوارچێوەی جۆری ئەدەبی ئەو سەردەمەدا جێگەی نەدەبوویەوە، هەرچەندە چاوەڕواندەکرا کە بە دوور نەبێت لە گرفت.

لە پاڵ چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دا ،کە بە شێوەیەکی وردو جوان وێنە کێشراوە و وەسفی کەسایەتیەکان ، جارێک بە شێوەی پڕ کەشتی شاعیرانە دەبینرێن، جگە لە خواستی جۆری گۆرانی لە جێگەی خۆیاندا جێگیر نابن، بۆ

نمونە لەم پەرەگرافەدا ڤێرجینیا سەرقاڵی وەسفی گەشتێکە ،کە لە قەراغێکی دوردا دەبێت: ویقارێکی بەهێزی لەخۆگرتبوو، دەڵێت ئەو کەشتیە یەکێکە لەو شوێنە کەمانەی مانەوەی جیهانی گەورە ، تەواوی رۆژەکە لە کەشکەشە چۆڵەکاندا دەڕوات، پەڕەکان لە پێش و پاشیەوە ئاڵاون، هەرچەند نهێنی ئامێزتر لە بەهێزی خۆیدا دەجوڵێنن و درێژە بە توانستی خۆی و رۆشتنی دەدات، دەگونجێت پاکی و بێگەردی سۆزی خۆی بە هەموو شتە جوانەکان بچوێنێت، چونکە وەک کەشتیەکی ژیانی تایبەتی خۆی سەیری دەکات، یان کەشتیەکە ژیانێکی تایبەت بە خۆی بوو.

گەشتی دەرەوە بە گەشتی رێچڵ و ینریسەوەو لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی بـەرەو ئەمریکای رۆژئـاوا سەرقاڵە، کە لەم گەشتەدا باوکی و پوری(هێلین ئامبروز) ی لەگەڵ بوون، پاش گەیشتینیان بە شوێنی مەبەست، لە شاری رۆخی دەریاکان نیشتەجێ دەبن، کە کۆمەڵێک لە بەریتانیەکان نیشتەجێبن، لێرەدا رێچڵ رووبەڕوی (ترنس هیوت) دەبێتەوە ،ریچڵ مەعسوم و ترنس نوسەری بە تەماع بەشێوەیەکی کەم و زۆر نائاشکرا سەرنجی یەکتری رادەکێشن، دەرکەوتنی عشقی ئەمانە بۆ یەکتری بە شێوەیەک لە بارەی هەستی لە خۆوە بە توندی تەسەنوعێک ئەنجامدەدات.

ترنس وتی (ئێمە لەگەڵ یەکتریدا خۆشبەختین)) گوێی قسە ناکات و دەڵێ ریچڵ نابیستێت.

رێچڵ وەڵامی دەداتەوە ((زۆر خۆشبەخت)).

ماوەیەک بە بێ دەنگی و بەدەم رێگەوە رۆیشتن، لە پڕ پێکانیان توند بوون

ترنس وتی ((ئێمە عاشقی یەکترین))

رێچڵ دووبارەی کردەوە (( ئێمە عاشقی یەکترین))

ئەوانە هەر یەکێکیان بۆ بەرەنگاری لەبەرامبەر قوڵی پەیوەندی هاوسۆزیان بەڵگەی تایبەتی خۆیان هەیە، ترنس دەیەوێت درێژە بە نووسینی رۆمانەکەی بدات و رێچڵ دەتوانێت درێژە بە رێڕەوی سەربەخۆی دەروونی خۆی بدات و شانازی بە خۆیەوە دەکات، ئەم خاڵە بە شێوەیەکی جوان خراوەتە ڕوو.

شتێکی سەرسوڕمان بوو، کە هیچ کەس نازانێت لە کوێیە، یان چی

دەوێت، بە کوێرانە درێژەی بە رێگەی خۆی دەدات، لە پاڵ ئەم شاردنەوەشدا هەمووان رەنجدەکێشن، هەمیشە غافڵگیر و سەرسام ئامێز دەبن، هیچ نازانێت، بەڵام رێکەوتن لە دوای رێکەوتن ئەنجامدەدرێت، هەندێ کات رێکەوتننامە بە بێ هیچ پێشەکیەکی تایبەتی روودەدات، تاوەکو سەرەنجام مرۆڤ بەو ئارامییە دەگات، ئەم بێدەنگیە، ئەم دڵنیاییە، و ئەم پرۆسەو کارە بوو، کە مرۆڤ ناوی ناوە ژیان.

لەوانەیە بتوانرێت بوترێت، تەواو بوونی پەیوەندی رێچڵ و ترسن بە ناکامی و روداوێکی لێدەرچوونی نییە، هەوەها لە رۆمانی تردا بابەتی تر هەن ،کە پەیوەستن بە پەیوەندی نێوان ریچڵ و ئامۆژنیەوە، هەستی دایکانەی ئامۆژن بە درێژای رۆژگار دەگۆڕێت بۆ ئیرەیی موڵکایەتی، ژمارەیەکی زۆر لە گفتوگۆی سۆزداری بەشێوەیەک لە سنوری واقعی و فعلی دەرچووبوون ،هەبوون و جاری واهەبووە گەیشتبوونە ئاستێک ،کە بۆ خوێنەر رۆشن نەبوون، بە وردتر چ رێکەوتنێکی بوویستایە روویدەدا، تەخەیولە یان واقیعەیت نقوم بووە، یان تەنها پەرچەکرداری مبالغە ئامێزە؟ بەشی لەم جۆرە لە داستانی شڵەژاوی ژیانی خودی ڤێرجینیا پێوەی پەیوەستدەکات، بەڵام خوێنەر بە شێوەیەکی گشتی (خوێنەری ئاسایی) کە ڤێرجینیا دادوەری لێدەپرسێت، یان داوای لێدەکات، سانێک بە دژواری دوای هێڵی رۆیشتنی داستانەکە دەکەوێت.

هەموو ئەم رووداوانە بە شێوەی ئازار بەخش لە ژیانی واقیعی ڤێرجینیا روودەدات، لە سەردەمی پاڵێوراوی یان دەرکەوتن و ناسینی لەگەڵ لیونارد وۆڵف، نیشانی دابوو کە هیچ کەسێک بە هەستی هەولێکی لەتەنی لە بارەی ئەوەوە پێنەکردووە، جارێکیان لە نامەیەکدا وا هەستی واقیعی بە راشکاوی کە پەیوەندیە تایبەتی گروپی بلومزبریەوە هەبوو، لەگەڵ ئەودا بەم شێوەیە لە ناومان مایەوە ((کاتێک ئەو رۆژە ئێمەت ماچکرد، هەستم کرد وەک بەردێکی سەختم لێهاتووە)) بە هەمان شێوە دەتوانرێت پێشبینی بکرێت ،یەکەمین شەوی مانگی هەنگوینان لە ماڵی خۆیان لە ساسکس ئەنجامدا، هەمان حاڵ بەو رێکەوتنە گەیشتبوون، شەوێکی ناخۆش بوو کاتێک گەڕانەوە بۆ لەندەن هەردووکیان  چوون بۆ بینینی وەنسای خوشکی ڤێرجینیا، بەو هیوایەی کە بتوانێت رونکردنەوەیەک لەسەر ترس

و دڵەراوکێی خوشکەکەی لە پەیوەندی سێکسی دا دەستکەوێت، یان بە لایەنی کەمەوە ترس و دڵەراوکێ لە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ رەگەزی پێچەوانەدا ،کە چۆن ماوەیەک درێژە دەکێشێت، تاوەکو بە جۆرێکی تر بیر لە پەیوەندی سێکسی بکاتەوە ، وەنسا بانگەشەی بۆ خوێنساردی دەکرد، ئەسڵەن نازانێت کێشە چییە، لەوانەیە بیر لەوە بکاتەوە کە شوو بە پیاوێکی میهرەبان، و هاوسۆزی وەک لیۆنارد بکات کە تەواو هەمان شتە ،کە ڤێرجینیا مەبەستی هەبوو تێیدا، لە کۆتاییدا هەموو شتەکان لە خۆوە و خۆو بەخت بە دروستی بەڕێوە چوون.

بەڵام ئەوەندەی نەبرد لیۆناردۆ و ڤێرجینیا پاش چەند جارێک هەوڵێکی توند و سەخت، چاوپۆشی لە پەیوەندی سێکسی کرد، دەڵێن هەردووکیان ئەمەیان قبوڵبووە، بەڵام هەریەکەیان بەشێوەی خۆی ، لەگەڵ قسە و باسکردنی بەدەوامی هاوڕێکانیان لە گروپی بلومزبری، هاوسەرگیری ئەمانە بەردەوام بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا تەندروستی دەروونی ڤێرجینیا زۆر بە خێرایی بەرەو ئاڵۆزی رۆیشت، لە هاوینی 1913 بە سەختی نەخۆش کەوت و لە پایزی هەمان ساڵدا، حەبی خەوی زۆر خوارد، ئەم هەوڵە سەرنەکەوتوەی لە پێناو خۆکوشتنی ،تەنها هاوکار نەبوو ،بەڵکو بەخت یاوەری بوو کە رزگاریان کرد، ، تاوەکو دوای چەند مانگێک لەم حاڵەتە نەیدەتوانی هیچ کاتێک تەنیایی بەسەر بەرێت ،وردە وردە ئارامی دەروونی بۆ گەڕایەوە، بەڵام لەم بارە رۆحیەشدا توانای نوسینی بەردەوام بوو (( حاڵم لەگەڵ وێنەی خۆم بەریەکدەکەوتن ،بە تایبەتی کاتێک چارەیان لە تۆبی شەمەندەفەری ژێر زەمینی لەندەندا دەبینم)) ئەم رق لە خۆبوونە هەمیشە لای هەبوو، هەڕەشەی بەدەوام بوو.

لە ساڵی 1914 کاتێک جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەوروپا پەرەی سەند، ڤێرجینیا بە سەختی رووبەڕووی بوویەوە، لە ساڵی 1915 برا زرەکەی (جرالد) کتێبی (گەشتی دەرەوە) ی ڤێرجینیای لە چاپخانەکەی خۆیدا چاپکرد، بەڵام ئەم کارەی هۆکار بوو بۆ ئـەوەی سەرلەنوێ نەخۆشی دەروونـی ڤێرجینیا سەرهەڵداتەوەو لە نەخۆشخانە خەواندیان، چەندین مانگ رێگەی نەدا لیۆناردۆ بیبنێت، و پەرستارەکانیش بۆ ئارامکردنەوەی هەڵچوونە دەروونیەکانی ئەمەیان کرد، دواجار حاڵەتی دەروونی ئارام بوویەوە.

لیونارد له سەردەمی کارکردنی له کەرتە داگیرکراوەکان، هەندێک پشکی هەبوو، له ڤێرجینیاوه بڕێکی زیاتر لەوەی چاوەڕێی دەکرد بۆی به جێما بوو، بڕیاریدا خانویەک له گەڕەکی مرفه ریچمۆند له باشوری رۆژئاوای لەندەن به کرێ بگرێت، ئەم کارەی بۆ ئەوه کرد، تاوەکو ڤێرجینیا له کۆلانی بلومزبری دووربکەوێتەوه (ئەگەرچی به یەکجاری دوورنەکەوتەوه) هەم لیونارد وۆلف که جولەکه بوو هەندێک لەو کارانەی که بۆ ئەو ئاسانکەرن دووربکەوێتەوه، ئەندامانی گروپی بلومزبری رۆشنبیر، بیرکراوه، سەبارەت به بنەماخوازەکان به تەواوی پێچەوانەی یەهودی بوون، بەڵام لەبەر پەروەردەی هاووڵاتیان و پەیوەندی توندوتۆڵیان به یاریکردن به بوکەڵه و قسەکانیان رەنگ و بۆی (ژیانی باڵا) دەگرێت).

ماڵه نوێکەی ڤێرجینیا و لیونارد له ریچمۆند ناوی (هوگارث هاوس) بوو له ژێر زەمینی چاپخانەیەکدا بوون، تاوەکو چاپەمەنی هوگارث دابمەزرێنن ،هەر لەسەرەتاوه به لایەنی کەمەوه ئاستێکی سەرگەرمی هەبوو، لیونارد هەوڵیدا بەهۆی سەرقاڵیکردنی ڤێرجینیا به دەرمانەوه هاوکاری بکات، یەکەمین کتێب که چاپی کرد دوو داستان( نوسین و چاپکراو لەلایەن ڤێرجینیا وۆلف و ل. س. وۆلف )ەوه بوو، به هیچ شێوەیەک مەبەستیان نەبوو قازانج بکەن.

هەر بەم هۆیەشەوه ساڵی دواتر دەستیان وەرنەدایه چاپکردنی شاکاری لیۆن ئستریچی، ئەم کتێبه ناوی (ڤیکتۆریای بەناوبانگ) ، ئەم بەرهەمه که نوێنەری هێڵی کارکردنی گروپی بلومزبری بوو، هالەی پیرۆزی شێوه ئەفسانەیی که له بارەی باسەکانی سەدەمی ڤیکتۆریا بوو، لەگەڵ ئەناقه و کەرامەتدا سڕیەوه ، شیاوی تێڕوانینه سەرکەوتنی ئەم کتێبه گیانی ململانێی سەبارەت به ئستریچی له بوونی ڤێرجینیادا وروژاند، ئەگەرچی ئیستریچی بۆ ئەو وەک جاران وەک دۆستێکی دڵسۆز و زۆر نزیک لەو مایەوه.

لەو کاتەدا ڤێرجینیا دەستی به نوسینی دووەمین رۆمانی خۆی (شەو و رۆژ) کردبوو، ئەم بەرهەمەش داستانێکی ناسراوی تره ،کە لەو تێبینیانەی سەبارەت به لایەنی کۆمەڵایەتی، کەسایەتیەکان، بابەتی جیاواز بوونی هەیه، بابەته بنچینەییەکانی جیاوازی نێوان دوو ژنه، کاژین هیلبری له هەوڵی نوسینی

ژیاننامەی باوکی گەورەی ناوداری خۆیدایە کە شاعیر بووە، ئەم کارەی ئەو تەنها، لە بارەی وەزیفەناسیەوەیە، بەڵام ئازاری دەداث و سەرەنجی لەسەر خۆشەویستی بیرکاری و ئەستێرە ناسی دووردەخاتەوە، بە پێچەوانەی ئەمەوە ( میری دچث بووێکی سەربەخۆیە و توانای ئەوەی هەیە ، کە عاشقێکی چالاک بێث، ئەو لە ململانێکاندا پارێزگاری لە مافی ژنان دەکرد و چالاکی ئەنجامدەدا، لە هەندێ شوێندا کاژین لە بارەی رەفتاری( میری) قوڵدەبێنەوە و ئاگاردای بەشێک لە ژیاننامەکان دەبێث، کە ئاوەکو ئێستا لە دیدیدا بە شاراوەیی بووە، بەرهەمی ژیانی کەسی ڤێرجینیا لەسەر داستانەکە تەواو رەنگیداوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە نووسەر دەسەڵاتێکی تەواوی لەسەر داستانەکەی خۆی هەیە ( بە تایبەتی بەسەرنجدان لە کاری بازرگانی کەسی خۆی ) ئەم هەستکردنە لای خوێنەر دەمێنێتەوە ،کە شێوازی کلتوری رۆمان بەشێوەیەک لای نوسەر چیرەبووە، لەم کتێبەدا وەک یەکەمین بەرهەمی ڤێرجینیا وۆڵف نیشانەکان سەبارەث بە شێواز بوونیان هەیە، ئەوە پیشاندەدەن ، کە ئەو دەیەوێث گەلێ شتی زۆرتر بڵێث، بەڵام ناتوانێث رێگە و رەوشی وتنی ئەمانە بخاتە روو، بەبوونی ئەمە ئەو لە سەراسەری رۆمانەکەدا سەرکەوتوو دەبێث و ئاڵۆزیە زهنیەکانی و جوانیە هەستپێکراوەکان دەگوازرێنەوە بۆ خوێنەر:

کاتێک وۆڵف دنهام چووە ژوورەکەوە ،بینی کاسرین پشتی لەو کردووە، وای دەبینی کە کەشەکە گۆڕاوە وەک گەشتیارێک، کە هەندێ کاث لەسەر شەقامەکان رووبەڕووی ئەم حاڵەتانە دەبێتەوە، بە تایبەتی دوای رۆژئاوا ،کە بەبێ هیچ پێشەکیەک یەکجار سەرما دەگاتە هەرەمی کەڵەکە بوو ،کە تێیدا بۆنی خۆشی گوڵەکان و کێڵگەکان یەکیگرتوە، تیشکی خۆر ئێستاش دەدرەوشێتەوە، لە کاتێکدا کە مانگ بەرز بووەتەوە.

مـرۆڤ هەسـث بـەوە دەکـاث ،کە خاڵی هێزی واقیعی نوسەر لەم دەستەواژانەدایە، رەسەنایەتی ئەو ، لە نوسینی لەم داخوازیانەدا شاراوەیە، نەک لە پێکهاتەیەکی ناسراوتر کە ئەوانە لە خۆیاندا گونجاندویانە.

هەم شەو رۆژ بڵاوکراوەی (داک ورش) بە چاپیگەیاند ، بەڵام کتێبەکە سەرکەوتنێکی کەمی هەبوو، چونکە کەشەکەی بە دیاریکراوی هیچ پەیوەندییەکی

به واقیعیەتی سەردەمی دوای جەنگەوە نەبوو، بە تێڕوانینی زۆرێک گونجاندی کۆمەڵایەتی پێش جەنگ، بۆ هەمیشە لە ناوچووبوو، نەوەیەک لە پیاوانی لاو لە سەنگەری فلاندر کوژرا بوون، و لە روسیا کودەتای بەلشەفیک گەیشتبووە توانا و هێز، شەپۆلێک بۆ سەربازەکان گەڕایەوە ( شەڕێک کە بڕیار بوو کۆتایی هەموو شەڕەکان بێت) پەیمانیان دابوو کە بە (سەرزەمینێک لە شێوەی قارەمانەکان) بگەڕێننەوە، ئەمەش لە پای ئەو ئازارو ماندوو بوونەی، کە دووچاری بووبوون.

بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕانە بە گشتی لە سەردەمێکدا روویاندابوو، کە ڤێرجینیا لە گەمارۆی زهنی مشەوەشی خۆیدا بەندکرابوو، ئەوەی ئەو توانیبووی لە شتە دنیاییەکان بە دووربگرێت، بۆ خۆی مەعجیزەیەک بوو: سەرسام نەبوو دنیایەک کە ئەو وێنەی دەکێشا، دنیایەک بوو لە کاتە جێگیرکراوەکانیدا ئەمەی تاقیکردبوەوە، بەڵام درێژەی بەنوسین دا و ئەوەی پیشاندا کە هەیەتی، دواتریش قارەمانی ژنی داستانی پێشووتری (ریچڵ ویزیس) لە گەشتی دەرەوەدا وەلا دەنێت .

کە ((رێکەوتن لە دوای رێکەوتن روودەدات و هەندێ کاتیش رێکەوتن بەبێ هیچ پێشەکیەکی تایبەتی روودەدات)) کار بەرستەی دواتری ئەو (ژوری جیکوب) بوو، لە هەمان سەرەتای کاری ڤێرجینیادا بەم شێوەیە بڕیار دەدات(( بیردەکەمەوە گیانی وتە ئەوەیە، یاخود کرۆکی باس ئەوەیە کە داستان دەبێت ئازاد و رەها بێت))

ڤێرجینیا بە رەهاکردنی شێوەی بڕیاردانی رۆمان بەم ئامانجە گەیشت، ئەمە یەکەمین بەرهەمی تەواوی ڤێرجینیا وۆڵفە، ئازادییە سەرەتاییەکان کە لەکارەکانی پێشوتریدا دەبینرێت، غەزەلیات لە گەشتی دەرەوە و ئاڵۆزی زهنی لە شەو و رۆژ دا دەبینرێت، ئێستاش بەشی سەرەکی لە کاری نوێی پسپۆڕی پێبەخشیون، لە (ژوری جیکوب) دا هەوڵیداوە ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی دەستمایەی ژیاننامەیە بەشێوەی ساڵ بخاتە روو، کتێبی داستان ژیانێکە، بەڵام هیچ ( چیرۆکێک) ی سادە بە واتای ئەوەی کە رووداوەکـان لە پشت ملەوە روودەدەن، لەودا بوونیان نییەو لە هەمانکاتدا هێزی دیاری کەس و کەسایەتیەکان لە ناوچووە، سایکۆلۆژیای کەسایەتی بەدیهاتوو لە ناو داستاندا بوونی نییە، بەڵکو

نوسەر بەهۆی کۆمەڵێک لە دیمەنە گشتیەکانی ژیانەوە لە دەوروبەری (جیکوب فلاندرز)دا هەبوون ،وێنەیان دەکێشێت، ئێمە تەنها لە ڕێگەی ئەو وێنە کێشانەی ئەوەوە، کەمێک ئاشنای ڕاستیەکانی ژیانی ئەو دەبین( پشوی سەردەمی منداڵی لە کەرنەڤاڵداو بە هاوەڵی دایکی، گەورەبوونی ئەو و فێربوونی زمانی لاتینی لە ئسکاربرا، سەردەمی خوێنکاری لە زانکۆی کامرج و گەشتکردنی بۆ یۆنان)

گێڕەوەی داستانی ژنان، بە نزیکی هیچکات ناتوانێت شوناسی کەسیەتی پیاوی داستان بە تەواوی هەست پێبکات، ئەو لە ناوەوە سەیری مەردایەتی دەکات ،کە بۆ هەمیشە ناتوانێت پێیبگات، بەڵام کەم کەم هەست بەوە دەکەین کە مانەوە لە ناوەوەدا، لە زۆر لایەنەوە لە واقیعیەتی بنچینەیی کتێبەکەیە، مردنی جیکوب فلاندرز لە کۆتایی داستانەکە و لە شەڕدا کە ناوی هەم ئاماژەیەکی شومی بۆ ئەو هەیە، دەرخەرو لە خۆگری خاڵێکەو ئەمەش شکستی ژیان نییە، لەلایەکی ترەوە ئەم کەسایەتیە بنچینەییە بە وردی وێنە نەکێشراوە ، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کتێبەکەی بگۆڕێت بۆ ژیاننامەی هەموو لاوانی وەک خۆی ،کە لە شەڕدا گیانی خۆیان لە دەستداوە، کەسایەتی ئەو نەناسراو و لە ڕاستیشدا شیاوی ناساندن نیە، ئەو هەمان مرۆڤایەتی لە سروشتی مرۆیی، ژیانی تاکی بە هەموو لێڵی وناڕۆشنیەکانی ئەوەوە، لە هەمانکاتدا ئەگەر لە ڕوانگەی تایبەتی ژیاننامە نوسینانەوە سەیری ئەو بکەین، دەبینین کەسایەتی ئەسڵی هەوڵەکانی برای مردوی ڤێرجینیا توبیە، کە ئەوە وەک سایەیەو تێیدا ماوەتەوە:

لەگەڵ بوونی ئەمەدا بۆچی کاتێک لە پڕ هەستدەکەین پیاوێکی جوان لەسەر کورسی دانیشتووە، لەناو هەموو شتەکانی تردا، ئەم دنیایە واقیعی ترین، تەواوترین، ناسراوترین شتە بۆ ئێمە کە سەرسام ئامێز دەبین؟ لە واقیعدا بۆچی ؟ چونکە یەک ساتی دواتر هیچی لە بارەیەوە نازانین.

لە (ژوری جیکوب) دا ڤێرجینیا وۆڵف سەرکەوتوبوو دەست بداتە نشوەی دابڕاو ،کە ئامانجی ئەوەیە داستان(بەبێ ئەنجامی یەکلایکەرەوە)بێت لەبری پێکهاتەی تەواو بە دیمەنی ئیماژستی و لەبری وێنەیەکی گشتی ڕووبەڕووی (کلاژ) دەبینەوە، لە دیمەنی خانم نۆرمنی پەنجا ساڵ و ترسوی لاو نەناسراوی (جیکوب) دەبینین کەدێتە ناو فارغۆنی شەمەندەفەرەکەیەوە ئەو (خانم نۆرمن)

نیوەی یەک ستونی رۆژنامەیەکی خوێندەوە، دواتر سەیری بەشی سەرەوەی (دزدانە) کرد ،ئاوەکو بە پێی پێوانەکانی ئەو دڵنیا بێت لە سەلامەتی خۆی، دوای ئەمە کە گۆرەوییەکانی (شل دول)و کراوات( رەنگ و بۆی) ئەویان بینی، جارێکی تر سەیری وێنەی ئەوی کردەوە ،سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ناو دەمی بوو، دەمی بەستبوو ،چاوەکانی هەڵگەڕاوە بوون، وەک بوون مثالعەی دەکرد، هەموو بەشەکانی وێنەکەی بەهێز و لە هەمانکاتدا جوان، بێگوێدان و لە خۆوە و نائاگا بوون.

دەتوانین لە رێگەی ئەم لێکۆڵینەوەو بەدواداچونەوە، شیکاری وردی ئانوپۆی جیکوب هەستپێدەکەین، بەڵام بەهەمان شێوە بگێڕەوە بە خێرایی بیرمان دەخاتەوە: هیچ کەس ئەوانی تر بەو شێوەیەی کە هەن نابینێت ،چی وادەکات ژن پیر بێت، کە لە فارغۆنی شەمەندەفەردا لە بەرامبەر لاوێکی نامۆدا دانیشتووە، مرۆڤەکان شتێکی گشتی دەبینن ، شتی جۆراوجۆر دەبینن، خۆشیان دەبینن.

دیمەنەکان بەهۆی وێنەی جیا جیاوە ،لێکچونەکان، یادەوەرییەکان، هەتا شتە دژەکان بەیەکەوە پەیوەسندەکەن.

ئەگەر مرۆڤایەتی بە کۆتا گەیشتوبێت، باشترە کە هەموو ژن و پیاوەکان بڕۆن و بمرن، نابێ نکۆڵی بکرێت، کە زۆر کاتی ئەم خواستە گاڵتە بە بوونی هەمووومان دەکات.

هەوای ئێوارانی پەردە چڕەکانی پەنجەرەی هۆتێلی ئۆلۆپیاث بە ئارامی دەلەرێنێتەوە، خاتوو (ڤنیۆرن و ولیامز) لەگەڵ یەکتردا بیردەکەنەوە(( بوونم پڕە لە عشقی هەموان)).

بەشی کۆتایی کتێبەکە ،بە وێنەو دیمەنی رۆژئاوابوونەوە بە هەموانەوە پەیوەست بووە((کاتێک کە جیکوب بە دوور لە ژنانەوە دەڕۆیشت، پەنجەرە بەرزەکانی کۆشکی کنز ینگتۆن رەنگی سوری ئاگرینی بوون))

لە یۆنان (( روناکی سوور لەسەر ستونی کڵیسای پارتنۆن دەدرەوشایەوە)) دواتر دەنگی گوللە دەگەیشتە گوێ (( ئەمە لە یۆنان و دواتر لە بەریتانیا سەرقاڵی خوێندنەوە بوو، کە جیکوب بەهۆی برینداربوونی بە گوللە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا مرد بوو، سەرئەنجام ژورێک دەبینین کە ئەو ژیانی تێدا دەگورزەراند.

هەوای ژوورەکە خنکێنەر بوو، تەنها پەردەکەی دەلەراندەوە، گوڵی ناو گوڵدانەکان دەلەرانەوە، کورسیەکە جیڕە جیڕ دەکات ، ئەگەرچی کەس لەسەری دانەنیشتووە.

ڕووداوی داستانەکە لە ڕێگەی شیعری شاراوەوە دوای دەکەوێت، هەمان شێوەی چیرۆکی نوسەر کە هۆکارە، بێسەرئەنجام بوونی سیمای داستانی بۆ خوێنەر پێکهاتەیەکەو شیاوی هەستپێکردنە.

ژووری جیکوب، ئۆکتۆبەری ساڵی 1922 لەلایەن دەزگای چاپی (هوگارث) ەوە چاپکرا، پانزە مانگ دواتر ڤێرجینیا و لیونارد وۆڵف گەڕانەوە بۆ بلومزبری و چاپخانەکەشیان هێنابووەوە، لەو سانانەشدا چالاکیەکانی بڵاوکرنەوەی ئەم دەزگایە خواستێکی باشی هەبوو، هەر لەم سەرەتا نوێیەشدا باشترین نوسەری تێدا چاپدەکرا، بە تایبەتی کارەکانی شێوازی مۆدێرنزمی هندی کە لەکاتی سەرهەڵدانداوبوو، هەتا ساڵەکانی پێشتر لە ساڵی 1918 دەستنوسی ڕۆمانی (یولیسیز) ی جیمز جۆنز گۆڕابوو بەم دەزگایە، جویس بە تەکنیکە ئەزموونیەکانی لە زەمینەی (ڕووداوە عەقڵیەکاندا) کاریگەری زۆری لەسەر ڤێرجینیا وۆڵف هەبوو، تەواوی لایەنەکانی ئەم کاریگەریە لای ڤێرجنیا ناپەسەندیدەبوو، ئەندامانی گروپی بلومزیری لەگەڵا پێدانی، هەمیشە ڕێژەیەک نەفر فرۆش بوون ، ئەوانە کە پەیوەندیان بە چینێکی ناوەندو بەرەو سەرەوە هەبوو، ڕاشکاوی خۆیان بەئازار بەخش دەزانن، بەڵام هەمان ڕاشکاوی سوودی لێوەرگرت بۆ نوسینی بەشێک لە ئەزموونی پەرێشانی و دارمانی دەروونی خۆی.

لە زۆر لایەنەوە ئەم دوو کەسایەتیە بنچیەنەییە و ناسراوانە، ئاشکرایە لەگەڵ کەسایەتی وۆڵفدا جیاواز بوون ژنێک کە لە یاسای ژیانی کۆمەڵایەتی گۆشکراوە و بیرێک لە حاڵەتی توندوتیژی خۆدیدا ،هەموو یاسا کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکانی خستبووە ژێر پێی خۆیەوە، هەردوو ئەم کەسایەتیانە، هەریەکەیان بەشێوەی جیا لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری تاکڕەو دا بوون، هەردووکیان دووبـارە بە شێوەیەکی تایبەتی خۆیان ئـارەزوو دەکەن ،کە لە بەرامبەر زۆر وتنی بەرپرسانی ڕژێم دا، تەندروستی و هێزی سیاسی مەردانە مقاومە بکەن( لە ساڵی 1918 بوو کە نیشتمانپەرستی ئیرلەندی ( کنسانس مارکیە

ویچ (بەناوی دوشیز گوربوث) وەک یەکەمین ژن بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی بەریتانیا، لە هەمان ساڵدا چالاکەوانانی مافی ژنان، توانیان بەشێوەی دیاریکراو مافی رادەربڕین بەدەستبهێنن).

بەڵام خۆپەرستی وەک رووبار نائارام نابێت و بەردەوام بەسەر بەرەنگاری خۆیدا سەردەکەوێت و تێپەڕدەبێت، رووبارێک کە دەڵێت (بەرەوپێشەوە، ئەگەرچی خود ناسراوە، کە لەوانەیە هیچ نمونەیەکی بۆ ئێمە نەبێت، ئێمە ئێستا بۆ پێشەوە دەڕۆین، ئەم خۆویستییە ناجێگیرە، بەردەوام ئەو دانیشتبوو کەمێک دەڵـەرزی، رەنگی سووری گۆناکانی بەخشیبوو، هۆکاربوو تاوەکو زۆر گوڵی زۆرجوان، بە چاوانی زۆر درەوشاوە ببینرێن. (پیتر والش) عاشق بووبوو، بەڵام نەک عاشقی ئەو، عاشقی ژنێکی جوانتر لەو.

لە راستیدا ئەگەر لێکچوونێکی وێنایی بەهێز لەگەڵ (سپتیموس وارن ئسمیث)دا ببینن ،لە حاڵەتێکدا لەپاڵ هاوسەرە ئیتاڵیەکەی (ریزا) لەسەر کورسی یەدەگەکان (ریجنتز پارک) دانیشتووە، و هاوسەرەکەی بە فڕۆکەیەک لە ئاسمان لەگەڵ دوکەڵەکەی خۆیدا شتێک دەنووسێت، ئاماژە بەوە دەکات:

سپتیموس سەیری سەرەوەی کردو بیریدەکردەوە: پێویستە تۆماری بکەم، هەڵبەتە نەک بە وشەی واقیعی، ئێستا ناتوانرێت لە زمانی ئەوەوە نووسینەکان سەردەربهێنن... دووکەڵێک کە وشەکانی لە حاڵەتی نەماندا بوو لە ئاسمان بینی سەیریکرد، دوکەڵێک کە سەخاوەتمەندانە بە شێوەیەکی جوان و جێگیر خێرو بەرەکەتی زەردەخەنەی خۆی بۆ ئەو هەرزان دەکات، فرمێسک بەسەر گومانەکانیدا گوزاردەکات، وشەیەک کە فڕۆکەکە نووسیویەتی تافی بوو، لەگەڵ یەکتریدا دەستیانپێکرد بە هیجاکردن .

کۆتایی ژیانی (ئسمیث) وەک هەموو وشەکانی دوایی هەیەو یچڕپچڕە، دکتۆر (هۆلمز شتابان) دەچێتە پلەی باڵا، تا لایەنی ئسمیث کە خەیاڵی خۆکوشتنی هەیە بگرێت:

تەنها پەنجەرەکە مابووەوە، پەنجەرەیەکی گەورەی خانووە کرێکەی بلومزبری، تەنها کارێکی گران، پڕ دەردەســەری، کەم و زۆر میلودراماتیک کردنەوەی پەنجەرەو بازدان لێوەی مابووەوە (ئەو لە لێواری پەنجەرەکە دانیشت)

،بەڵام خەیاڵ بردبوویەوەو تاساتی کۆتایی ئارامی هەبوو، نەیدەویست بمرێت، ژیانی خۆشبوو.

هەتاوێکی گەرم بوو، تەنها مرۆڤەکان بە راستی چییان دەوێت؟ پیرەمێردێک کە لە قادرمەکانەوە رووبەڕوو دێنەخوارەوە، وەستا و لەو تووڕەبوو، هولمز گەیشتە بەردەم دەرگاکە، ئسمیث هاواریکرد (لەگەڵ تۆ دەژی) و حوکمی خۆی بەرەو سیاجی پێشەوەی ماڵی ڤیلمیر پرتەی کرد.

ڤێرجینیا وۆلف بە نووسنی رەخنەی ئەدەبی بۆ رۆژنامەکان و گۆڤارەکان بەردەوامبوو، بەڵام سانسۆرێک کە سەرنووسەرەکانی لەسەریان دانابوو ،بۆ ئەو مایەی تەحقیر ئامێزو ئازاربەخش بوو، (حەتتا یەک جار مۆڵەتیان نەداوەتێ، سوود لە وشەی (هەرزە، سۆزانی) وەربگرێت، ئەو دەیخواست لە دیدگای خۆیەوە لەبارەی ئەدەبیات و ژیانەوە بنووسێت، ئەم حاڵەتەش هۆکاربوو تا ساڵی 1925 یەکەمین کۆمەڵە وتاری بەناوی (خوێنەری ئاسایی the common reader) بڵاوبکاتەوە، هەروەها گرنگی بە خوێنەرانی دەدات، بڕوایوایە هەر نووسەرێک خوێنەری لەبەرچاونەگرێت، لە گۆڕان لە ستایلی رووددەدات، یان چیرۆکەکانی ئاڵۆزدەبن و هەمیشە ئەم مەترسییە بوونی هەبووە کە پەیوەندی لەگەڵ (خوێنەری ئاسایی) بۆچوونی ببڕێت، بەڵام لە وتارەکانیدا هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرەکانیدا بەردەوام بێت و بەهێزبێت، هەموو وتارەکانی ئەوم خوێندوەتەوەو تێیدا سەرراستانە لەو بابەتانەی لەلای سەرنجراکێشن و بەگشتیش وەفادارە بەرامبەر بە بۆچوونەکانی، وتارەکانی لەوکاتەدا لە خۆگری روانین و هەستکردنێکن ، جگە لەو هەندێکی کەم سەرقاڵی دەبوون، بێگومان هیچ گومانێک نییە کە ئەمانە ژنێک نووسیویەتی، ئەو هەمیشە جەختی لەسەر ئەمە دەکردەوە  لە ناونیشانی وتارەکانی ئەو، دەتوانرێت لە بازنەیەکی فراواندا پەی بەمانە ببرێت، لە (دەربارەی فێرنەبوونی زمانی یۆنانی) گرتوویەتیەبەر تا (جوزف کنراد)، لە (موننانی) گرتوویەتیە بەر تا (جین ئاستین).

یەکێک لە وتارە دیارەکانی (ژنی دوک نیوکاسل)ە لەبارەی ژنی ئیکسێپشناڵ کە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم لە ئینگلستان دەنگی هەبوو.

ئەو توانی لە ژیانیدا بە جلوبەرگی رەنگاورەنگیەوە، بە عادەتی

نەناسراویەوە، بە رەفتاری بێنەکلیفیەوە، بە قسەی رەقیەوە، گاڵتە بە پیاوە گەورەو داناکان بکات.

دوشس نیوکاسل نمایشنامەی گاڵتە ئامێز دەنووسێت، کە تێیدا پێشنیاری چیرۆکەکانی شکسپیر بەشێوەی لەخۆوەی خودی پیشاندەدات، منداڵەکانی خۆشی بە داهێنەرێکی نەناسراو گەورەکردبوو ، خۆشی بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتی دەکـرد بۆ ئـەوەی بتوانێت لەگەڵ فشارە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمەکەیدا رووبەڕووبێتەوە، پێویست بوو بە ئیرادە بێت ،خەڵکی رەخنەی دەگرت، خەڵکی بە بوونی هۆش لە ژندا ئیرەییان دەبرد، ژنان بە بوونی عەقڵ لە هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا بە شێوەی گومان سەیریان دەکرد، لێرەدا باسکردن بوو لە ژنێک کە ڤێرجینیا لەگەڵیدا هەستی بە هاوەڵی دەکرد.

هەروەها گەشەکردن و سەرکەوتنی ئەو وەک نووسەر زیاتر دەبێت، متمانە بە دەرون و جێگەو پێگەی لە جیهاندا زیاد دەکات، ئەو ژن بوو مایل بوو حەزی دەکرد ژن گەشەپێداو لە کۆمەڵگەی پیاو سالارانەدا بختەوڕوو ، لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجە پێویستی بە ئازایەتی و ئاگایی زۆر هەبوو، ڤێرجینیا هەوڵیدەدا بە فراوانترین شێوە پیشانیبدات ،کە لە کلتورێکی ئەدەبی پیاوانەدا، کلتورێکی ئەدەبی ژنانە لەپاڵ خۆیدا نهێنیەکان واڵا دەکات، بەهێزکردنی پێگەی وەک ژنێک چ واتایەک دەدەن، ئەم کلتورە ئەدەبییە ژنانەییە بەهۆی نەزانی و سەرکوتکردن، رقلێبوون، یان نکۆڵیکردن هیچ کاتێک دەرفەتی گەشەکردنی نەبووە، لەم هەلومەرجەدا کەسانی وەک دێوانەی نیوکاسل بە وێنەی تاک چارەکان ماوەتەوە کە پەیوەست بوون  بەوان دەدرێن ، بەمپێیە رێگەی ئەم جۆرە ژنانە درێژەی نابێت، ژیان و بەرهەمیان فەرامۆشدەکرێت و لە ئەنجامدا هەر وەچەیەکی نوێ لە ژنانی مەحکوم بوو ،کە لەگەڵ ئەم جۆرە کێشانەدا دەست و پەنجەی نەرم بکات، فێمێنیزمی ڤیرجینیا وۆڵف بەو پلەی راشکاوی دواتر پێگەیشت پێنەگەیشتبوو، بەڵام بێگومان دەتوانین شێوەکانی لەم جۆرەی ئەو لە بەرهەمەکانیدا ببینین، یان لایەنگری شەڕی کوێرانە نەبوو، بەڵام مرۆییەت، مهرەبانی، هەستکردنی بە دەنگی بەرزی بیرەکانی باسدەکات، رستەکانی کۆتایی وتارەکەی دەربارەی نیوکاسل شاهیدە لەسەر ئەم دەعوایە !

ئەگەرچی نەسیجی فەلسەفەکانی بێ سەمەرەیە، نمایشەکانی شیاوی رەخنەگرتن نەبوون و شیعرەکانی کە ڕەسەنایەتی هێنەربوون، کرۆکی گرنگی ئەو کرۆکێکە لە ئاگری ئەسڵی، مرۆڤ کاتێک بەرهەمی لاپەڕە بە لاپەڕە دەخوێنێتەوە، کەسایەتی نامۆو هاوڕێبوونی دەبینێت، کە لەناو لاپەڕەکاندا دەپێچرێتەوە و دەگەشێتەوە، ناتوانێت سەرنجی رانەکێشێت.

لەپاڵ ئەم هەموو کارە داهێنەرانەدا ،ڤێرجینیا وۆلف لە ساڵی 1925 دەستی بە نووسینی رۆمانێکی تری کرد و لەناو ئەمەدا درێـژەی بە ژیانی کۆمەڵایەتی لە بلومیری دەدات، ئەندامانی گروپ بە میوانی دەزانن و لە کۆتایی هەفتە لە ساڵەکانی دووەمی تر لە دەرەوەی شار دەمێنێتەوە، لەم میوانداریەدا پێشبڕکێی ئاشکراکردنی بێعەقڵ، پەیوەندی عاشقانە، یاری رەق و باسی رۆشنبیری دەکەن، لیونارد هاوسەری ڤێرجینیا ئەوەندە لەگەڵ ئەم پەیوەنییە کۆمەڵایەتیەدا نەبوو، لە مغازەلەی کچانەی ڤێرجینیا لەگەڵ ژنانی تردا هەم دڵی خۆش نەبوو، بەڵام گرنگتر لەمە نیگەران بوو، کە ئەم چالاکیانە جێگری گیانی و دەروونی ئەو دەکات، سەرئەنجام لە کۆتایی هاویندا ڤێرجینیا غەشی کرد، ئەم دەستپێکردنە رووخانێکی دەرونی تر بوو، ئەم حاڵەتە هۆکاربوو کە بە هەمان ئەندازەی دەروونی کاریگەری لەسەر لایەنی جەستەیی و کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەو ناچار بوو چەند مانگێک پشوو بدات و لە سەرەتای ساڵی 1926 سەلامەتیەکی رووکەش بەدەستبهێنێتەوەو سەرقاڵی نووسینی رۆمانەکەی بوو، پشوو هۆکاربوو کە هێزی بۆ بگەڕێتەوە و ئەوەندەی نەبرد داهێنانی گەیشتە لوتکە، ئەم رۆمانە کە یەکەمین شاکاری ئەوە ناوی (بەرەو فانوسی دەریایی)ە.

لە سەرەتای کتێبەکەدا خاتوو رمزی هەواڵ دەداتە کوڕەکەی کە«ئەگەر بەیانی هەواڵ خۆش بێت» (گەشتی بەدوادا گەڕان) یان بەرەو فانوسی دەریایی ئەنجام دەدەن. پەرچەکرداری جیمز بۆ ئەم هەواڵە لەگەڵ جۆرێک گواستنەوەی دەروونی بوو بۆ خوێنەر.

ئەو حەتتا لە شەش ساڵیدا زۆر بەوەوە پەیوەست بوو ،کە ناتوانێت هەستەکانی خۆیان لە یەکتری جیابکەنەوە، بەڵکو دەبێت ئایندەیان بە خۆشی و شادیەکان لەوەی ئێستا لەدەستدایە سایە پۆش بکات، جیمز رمزی لەسەر زەوی

دانیشتبوو، هەندێک وێنەی هەبوو کە هی کەتەلۆکێکی وێنەگرێکی فرۆشگەکانی سوپاو هێزی دەریایی بوون ،بە مەقەستێ وردی دەکـردن، بە هەمان شێوە دایکیشی خەریک بوو، بە خۆشییەوە قسەی لەسەر چێژی ئاسمان دەکرد، چاوپۆشی لە برینی وێنەی سەلاجەیەک کرد.

بەڵام لەزەتەکە عەیبدارە، چونکە باوکی ئاشکرای دەکات کە (کەش و هەوا خۆش نەبوو) پەرچەکرداری جیمز پڕبوو لە توندوتیژی بەهۆی موبالەغەکردن تێیدا کە لە بیری منداڵیەوە سەرچاوەی گرتبوو:ئەگەر فاس یان هەر جۆرە چەکێکی تر دەم و دەست هەبوایە ،کە دەتوانێت سنگی باوکی پێ شەق بکات و بیکوژێت، حەتمەن ئەم کارەی دەکرد.

ئامانجی ڤێرجینیا وۆلف لە (بەرەو فانوسی دەریایی) بە وتەی خۆی ئەوەبوو کە (بە شێوەیەکی تەواو کەسایەتی دایک و باوکی، و جەزیرەی سنت ئایوز و سەردەمی منداڵی بخاتەڕوو) و توانی بگاتە ئامانجەکەی. بە وتەی ونسای خوشکی روانینێک کە لەسەر دایکی خستویەتیەڕوو، ئەوەندە وردە کە «خەڵکی بڕوایان وانەبوو ،کە بەم شێوە وردیە بیخاتەڕوو» ئەم تێبینیانە لە خودی خۆیدا نەک بۆ بەهای رۆمان وەک ناونیشانی بەرهەمێکی هونەری دەردەکەون و لە بەهای ئەو کەم ناکەنەوە، بەڵکو وەک هەر وێنەیەکی تر کە وردی لە وێنەکێشاندا بەکارهاتبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە چارەنووسی ئەوە زیاتر بزانین، رەسەنایەتی، یان حەتتا رەسەنایەتی بەرهەمێکی هونەری وەک مسداقیەتێک بۆی دادەنرێت، دەگەڕێتەوە بۆ مسداقیەتێک (کاتێک وایدادەنێین کە مۆنالیزا کە بە وێنە لیۆناردۆ کێشاویەتی لەو چووە، بەپێی یاساش بەهای هونەر، لای ئێمە زیاتر دەبێت و بە پێچەوانەوە ئەگەر وایدابنێین ،کە ئەو وێنەیەی کە کێشاویەتی و لەو ناچێت، بەهای ئەدەبی لای ئێمە کەم دەبێتەوە).

لە (بەرەو فانوسی دەریایی)دا خێزانی رمزی بۆ پشووی خۆیان، چوون بۆ ماڵەکەیان لە (فینلی) ئۆسکۆتلاند (دیمەنەکانی زۆر لە دیمەنەکانی سنت ئوزە) دەچێت.

رەمزی فەیلەسوفەو لەگەڵ ئارەزومەندی پێگەیشتنە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتوەتە پلەی بیری باڵا، ڤێرجینیا وۆڵف ئەم باسەی بە وێنەگەری شاعیرانە

خستوەتەڕوو، ئەم وێنەیەش سودی لە لایەنی ڕەوانبێژی ئەو وەرگرتووە، وۆلف توانای بیری ڕمزی بە شێوەیەک باسدەکات، کاری باوکی لەسەر رووی فەرهەنگی نامەی میللییەوەیە، بەم شێوەیە پیشانیدەدات:

بە پیتی (Q) گەیشت، لە سەرتاسەری ئینگلستاندا هەندێک خەڵکی دەتوانن بە پیتی (Q) بگەن، بەڵام لەدوای (Q) چی؟ دواتر سەرەی چییە؟ لەدوای (Q) چەندین پیتی ئەلفبێ هەیە، بە دەگمەن چاوی مرۆڤ دواینی ئەمانە دەبینێت، یاخود ئەوەی لە رابردوودایە دەیبینێت، بەڵام بەدوور لەوە لە هەر وەچەیەکدا کەسێک هەیە کە دەتوانێت بگاتە پیتی (Z).

رمزی لەگەڵ هەوڵدانی تەواوی هەرگیز نەگەیشتوەتە پیتی (Z)، ڤێرجینیا وۆلف ئەو بە پیاوێکی رەق و تاکگەری وەسفدەکات، کە دەسەڵاتی بەسەر خێزانەکەیەوە هەیە و لە هەمانکاتدا بە هاوسەرەکەیەوە پەیوەستە، هاوسەری رەمزی کەسێکە یەکێتی خێزانەکەی دەپارێزێت و هەوڵی خۆشەویستی بە منداڵەکانی ئەوەی کە پێویست بکات درێغی ناکات، هەروەها بە شێوازی خۆی ئەوان دەخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە، بەڵام ئەم لەپشت وێنەی دایکانەیە ،غەمێکی قوڵی هەیە، کە هەندێک کات لە ئەنجامی رەفتاری هاوسەرەکەی دەگۆڕێت بۆ توڕەیی، کاتێک هاوسەرەکەی حاڵەتەکان دووبارە دەکاتەوە ،کە (جیمز هیچ هەواڵ و چوونی فانوسی دەریایی نییە) ئەو بە توندی، بەڵام لە بێدەنگی و بە پێچەوانەی کارەوە پیشانیدەدات «پیاوی نەفرەتی، بۆچی ئەوەندە ئەم قسانە دووبارە دەکاتەوە).

لەم بەرهەمەدا ڤێرجینیا وۆلف لە رووداوە بیریەکان یان بە دەربڕینێکی باشتر لە لایەنە بچوکەکانی ناو دەروونی کەسەکان بۆ دەربڕینی تایبەتمەندی کەسایەتیەکانی سوودوەردەگرێت ،خوێنەر هەم دەبینێت کە کەسایەتیەکان لە ژیانی ناوخۆیی خود بەکاری ئاسایی رۆژانەیانەوە سەرقاڵن و هەم دەبیسێت ،کە لە بیریاندا چی دەگوزەرێت، لە هەمانکاتدا هیچ کاتێک لەپێناو خواستی هەمەجۆری داستاندا، کاری ئەمانە لە خوێنەر ناشارێتەوە، لەراستیدا هەرگیز هەمەجۆربوونی نییە، تەنها چیرۆکی تێپەڕبوون کە زۆربەیان لە رێگەی تەداعی وێنەی شاعیرانەوە دووبارەبوونەتەوە، یان روانینە گشتییە لێکچووەکان بە یەکەوە پەیوەست دەبن،

ئەم بەرهەمەش وەک کارەکانی پێشووی وەک شیعر بەرزە، کە بە پەخشان نووسراوە، هەروەها وێنەی ژیانی خێزانی و لە منداڵیدا بەسەریبردووە.

خێزانی رەمزی لە ماڵی رەمزی و لە خانوەکەی کە لە رۆژانی پشووی خۆیاندا پێشوازی لە چەند میوانێک دەکەن، یەکێک لەوانە (لی لی بریسکو) پەیکەرتاشە کە هەواداری خانم رەمزی و هەموو خێزانیەکانیەتی، خاتوو رەمزی پێیخۆشە ئەو شوو بکات و ببێتە «فریشتەی ماڵی»، بەڵام لی لی لەپێناو سەربەخۆیی خۆیدا بە بەهایەکی زۆر رازییە.

رۆمانەکە دابـەش دەبێت بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا، لە بەشی یەکەمدا کە بە ناونیشانی «پەنجەرە» وەیە، خێزان و دۆستانیان، بە مەبەستی بەسەربردنی پشوو هاتوونەتە فینلاند، خاتوو رەمزی خـواردن بۆ هەمووان ئامادە دەکات ،خواردنێکی فەرەنسی کە لە گۆشتی گا دروستدەکرێت و بە ئشتهاکردنەوە وەسفیدەکات، کە بە زەحمەت فێری بووەو لە نەنکیەوە فێری بووە، ئامادەیکردووە، میوانەکان زۆر باسیان دەکرد، لێنانی بە سەرکەوتنێکی گەورە دادەنرێت، دوای خواردن باس لە مێژووی فەرەنسا، شکسپیر، شیعرو ئاین کرا، کاتێک خاتوو رمزی سەیری چواردە کەس دەکات ،کە لە دەوری مێزەکە ئامادەن، هەستدەکات توانیویەتی بارێک بڕەخسێنێت ،دووره لە هەر گۆڕانێک.

بە پێچەوانەی بەشی یەکەمەوە، بەشی دووەم ناونراوە (تێپەڕبوونی کات) لەم بەشەدا زۆری رووداوەکـان لە فەزایەکی وێنائامێزو ساتی شێوە شاعیرانە روودەدات، ئێستا حاڵەکە بەهۆی لافاوە نێراوەکانەوە و باخچەکەش بە سروشتی حاڵ وازیلێهێنراوە، حاڵەکە بەجێهێڵراوە حەتتا لەوانەیە بۆ فرۆشتن دانرابێت، بە هاوکاری کۆمەڵێک لەم رووداوانە، ئاگاداری چارەنووسی کۆمەڵێک لە دانیشتوانەکەی دەبێت، لەم رووداوانـە وەک شێوەیەکی بێزارکەرو وشکی چیرۆکەکانی لێدێت، کە لە دژی پەخشانی ویژدانییە، کە ئەوانەی لەخۆگرتووەو بە ئاراستەیەکی شاعیرانە پێکهاتەی ئەوانە پێچەوانە دەکاتەوە، بەم پێیەش دەگەینە ئەوەی کە خاتوو رمزی و یەکێک لە کچەکانی مردوون و یەکێک لە کوڕەکانی لە سەنگەرەکەی خۆیدا لە شەڕدا کوژراوە.

(گولەی تۆپەکە تەقیەوە بیست یان سی پیاو لە فەرەنسا گیانیان بەختکرد،

یەکێک لەوانە (ئاندرو رمزی) بوو کە خۆشبەختانە بە مەرگی لەپڕ گیانی لەدەستدا).

(تەقاندنی گولە) و لەرینەوەی شوشەکان «ئەگەر یەکێک رووبەڕووی هاواری ئازاری یەکێک ببێتەوە»و بێدەنگی لە نهێنی (بێپەنهان) خراوەتەڕوو، لەدوای راگەیاندنی ئەم راگەیاندنە چەماوەییە، ئاگامان لە کەسانێک دەبێت کە (چووە بۆ رۆخی دەریاو لە دەریاو ئاسمان دەپرسێت چ پەیامێکیان هێناوە) لە دەریا (تارمایی خامۆش لە کەشتێکی خاکیدا) دێن و دەچن «کەشتێکی جەنگ لە حاڵەتی تێپەڕبووندا».

ناونیشانی کۆتایی بەشی کتێبەکە بریتییە لە (فانۆسی دەریایی) رووداوەکانی ئەمەش، چەندین ساڵی پاشتر رووددەدەن، لە سەرەتای ئەم بەشەدا لی لی بریسکو لەگەڵ خۆیدا بیردەکاتەوە «واتای ئەم شتانە چییە؟» دەتوانێت چ واتایەکی هەبێت» ئەو گەڕایەوە بۆ ماڵی رمزی لە دەریاو هەوڵدەدات دووبارە دەستبکاتەوە بە وێنەکێشان، کارێک یادی خاتوو رمزی لە بیردا زیندوودەکاتەوە، لە هەمانکاتدا کاک رمزی و دوو کوڕی رزگارکراوی، بە نیازن گەشتێک بە بەلەم بەرەو فانوسی دەریایی ئەنجامبدەن، بە درێژایی ئەم سەفەرەو کاتێک کاک رمزی هونەری دەریاوانی کوڕەکەی دەناسێت، سەرئەنجام نەفرەتی جیمز لە باوکی لەناو دەچێت.

فانوسی دەریایی ناونیشانی کتێبەکەیە بە وشەی سادەو بەم شێوەیە وەسفدەکرێت «لە دوورەوە شوێنەکەی رووناک دەکردەوە، سادەو وەستاو رەنگە رەش و سپیەکانی روناکی دەدەنەوە و مرۆڤ دەتوانێت درەوشانەوەی شەپۆلەکانی ببینێت، کە بە شێوەی زەڕاتی سپی وەک وردە شوشە لە بەردەکان دەدەن» فانوسی دەریایی زەمینەیەکی جێگیرە و خاڵی نێڕوانینی و گونجاندنی نێڕوانینەکانەو لە هەمانکاتدا رمزی دەسەڵاتی هەمیشە ئامادەیە، لەگەڵ رروونی ئەمەدا وەک یەک روون و باڵاتر لە وەسفی سادەی دەروناسانە (ئەندامی تناسلی، الشهوت) دەمێنێتەوە، بە هەمان شێواز باڵاترە لە لێکدانەوە سادە ئەندێشەییە ئەدەبیەکان (رۆشنایی، رزگاری)، حەتتا هەندێک پێیانوایە کە کۆدێکی ژنانەو تیشکی روناکی بەسەریدا بڵاودەبێتەوە ،کە نیشانەی کۆتایی سفرو مەبەستی گەشتیارە) کاتێک راجر فرای وێنەکێش کە دۆستی خۆشەویستی وۆلف و ئەندامی

گروپی بلومزیری بوو، دانی بەوەدا نا کە ئێناگاث لەوەی کە چەمکی فانوسی دەریایی مانای چییە، بەو شێوەیە بۆی روونکردەوە:»من هیچ مەبەستێکم نییە« دانی بەوەدا نا کە لەتوانایدا نییە «خۆث لە سمبولیزم بەدوور بگرە» و تەنها دەتوانێث پێناسەی (ئاڵۆزو گشتی) لەسەری بخاتەڕوو، لێکۆڵینەوەی فراوانی لەسەر ئەو نەفرەتێکی قوڵ لە دەستەواژەی رەمزی تێپەڕاندبوو «هەرکاتێک راستەوخۆیی بە من دەڵێن کە مەبەست لە شث چییە، رقم لێدەبێتەوە».

کاتێک بەرەو فانوسی دەریایی لە ساڵی 1927 بڵاوکرایەوە، زۆر لە رەخنەگران وەک دەسنکەوتێکی پلەیی (التدریجی) لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستی دادەنێث و پێگەی ڤێرجینیا وۆلف وەک کەسایەتێکی گەورەی بەریتانیا جێگیرکرا، بەڵام فرۆشی بەرهەمەکانی مام ناوەند بوو، ڤێرجینیا هیچ کاتێک رووبەڕووی پێشوازی گشتی خەڵکی نەبووەتەوە، لە ئەنجومەنە ئەدەبیەکان و مۆدێرنیزم بە چاوێکی رقلێبوونەوە سەیردەکرا، کەس وەک ئاڕنۆلد بنث بە باشی نازانێث کە واقیع بوونی رووداوەکانی ژیانی لادێ لە لایەنی سیرامکی پاتریز سەرقاڵە، ئەوەندە پارەی دەستدەکەوێث کە توانی لە باشووری فەرەنسا یەختێک بۆخۆی بکڕێث، بەڵام ڤێرجینیا بەبێ دراماتی ناوەندی کە خۆی ناتوانێث رۆژگار بگوزەرێنێث و ناتوانێث بە پشتیوانی دارایی لە چاپەمەندی هوگارث درێژە پێبداث، لەگەڵ ئەوەی پشکنینی زۆری بۆ بەهای کارە ئەدەبیەکانی خەڵکی هەبوو.

بە تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، خەیاڵی ڤێرجینیا لەبارەی رەگەزییەوە کەسێک ئارامتر بوویەوە، ئەویش بە ئاشنابوون بە ڤیتا سکویل، ئەشرافێکی سەرنجراکێش و هاوسەری دیبلۆماسێک بوو، بە ناوی هارولد نیکولسون، هاوسەرگیری ئەمانە هاوسەرگیریەکی ئازادانە بوو، مێردەکەی پەیوەندی هاوڕەگەزی نهێنی هەبوو، هەرچەندە ئەو خواستەکانی هاورەگەزی خۆی بەرەو حەماس دەباث، لەگەڵ ئەمەدا لەنێوان ڤیتاو هرولد رێزو خۆشەویستی بەهێز هەبوو، لەسەر کاری هرولد و دوو کوڕیان وا پیشانیدەدەن، کە ژیانێکی هاوبەشیان هەیە، یەکەمین روانینی ڤێرجینیا وۆلف سەبارەث ڤیتا سکویل تێڕوانینێکی نامۆی نێگەتیڤ بوو، لە دەفتەری یادەوەریەکانی نووسیویەتی کە ڤیتا «ئەوەندە حەزی بە دیدەنی نەدەکردم، کەمالیاث جلی رەنگاورەنگی وەک توتی، بە ئارامی بیروڕا، بەڵام

بەبێ هۆشمەندی هونەرمەندێک» بوو ،ڤێرجینیا هەمیشە لە بەرامبەر کەسانی ئەرستۆکراتی هەستێکی ئاڵۆزو دژی هەبوو، لەم بارە تایبەتەدا توانستی خۆی ئاسانترو گونجاوتر چەواشە بکات، پۆلێنبەندیەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی بەریتانیا بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی خەڵکی جیهانی یەکەمەوە، تا ئێستاش وەک خۆیەتی، ڤێرجینیا وۆلف و هاوەڵانی نوخبەی تەواو  لە چینی باڵای کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەکاتێکدا ڤیتا سکویل لە یەکێک لە شکۆدارترین خێزانی بنەماڵەکەی گەورەبووە.

سەرەتا ڤیتا بوو کە ساردی نێوانیانی شکاند، بە ڤێرجینیای وت کە بیری هۆشمەندی ئەو سەرنجی راکێشاوە، جوانی حەساسی زۆر بۆی سەرنجڕاکێشە، ڤێرجینیا بە خێرایی وەڵامیدایەوە، بەڵام هەر جۆرە پەرچەکردارێکی لەشی بۆی دژواربوو، ڤیتا هەستی دەکرد ڤێرجینیا سوودی لەو خۆشەویستیە قوڵە وەرگرت و بەپێی تێپەڕبوونی کات لەبارەی ئیغرابوونی ڤیتاوە خۆشی پیشاندا: ڤێرجینیای ئازیزم

ماوەیەکە دەمەوێت کاری سەرنجڕاکێش و نامۆ بکەم، لەوانەشە لە هەمانکاتدا نە نامۆو نە سەرنجڕاکێش بێت، کە ئێمەی پڕ کردووە لە ئیحساساتی سەرنجڕاکێش و نامۆ، کە پێویستە بۆت بنووسم»لەسەر راستی ئەو کارە بە تەواوی پەیوەست بوو بە تۆوە، بەڵام هەتا ئێمە بە ئەسپی وەحشیەوە ببەستێنەوە، ناتوانن ئەوەم لێدەرکەن کە ئەو کارە چی بوو».

لەدوای ئەمە سەرئەنجام لە یەکتری نزیکبوونەوە، ڤێرجینیا بە زمانی سیمبولی خۆی بەم شێوەیە پەرچەکرداری پیشاندا:

لە جێگەکەم دانیشتبووم، زۆر زۆر سەرخۆشم، ڤیتا وەک سەگی شوانی پیر ملکەچە، کەواتە توانیت بڵێیت سەیرکردنی ئەو، گەردنی ترێ یان شێوە مرواری رەنگی تێکەڵ کـردووە، درەخشانی و نورانییە، بەڵام ئەم چێژە لە کۆنترۆڵکردنی دەرونی ڤێرجینیا یان بە روانینێکی تر لێیبڕوانین ،ئاوا خۆشم دەوێت حەزدەکەم لەگەڵ ڤیتا بم.

کاتێک هاوسەری ڤیتا بۆ پلەی سەفیری گەورەی بەریتانیا لە ئێران دیاریکرا، ڤێرجینیا ئاگاداری ئەوە بوو ،کە ڤیتا بە زوویی دەچێت بۆلای هاوسەرەکەی لە تاران، لە بیستنی ئەم هەواڵە پەرێشان بوو، ئەگەرچی ئەم هەواڵە لە زۆر لایەنەوە

بارودۆخەکانی بۆ ئەو جێگیرکرد، ئێستا دەتوانێت هەستەکانی بەشێوەیەک کە باشتر دەزانێت بۆی ئاسانتربوو (واتە بە وشە) بخاتەڕوو، نامەکانی بۆ ڤیتا لە تاران پڕن لە عیشق و لەم نامانەدا سەرقاڵی خستنەڕووی کێشە قوڵەکان و لێکدانەوە دەرونیەکانە ،کە لایەنە مادیەکانی خۆشەویستی بۆ دەستەبەردەکات.

دەرئەنجامی ئەم پەیوەندیە ،بەرهەمێکی تری ڤێرجینیا وۆلف بوو ناوی (ئۆرلاندۆ ronaldo) کە لە قاڵبی یەک راپسودی مێژوویی ئەوی نووسیوە و پێشکەشی ڤیتای کردووە، بەم شێوەیە ڤێرجینیا خۆی نووسیویەتی»هەستدەکەم دوای ئەم کتێبە ئەزمونییە شاعیرانە، کە لەمانەدا بە دیقەت سەرقاڵبوون، دەمەوێت کەوشەکانم دەربهێنم و بدوێم» بە دەقیقی ئەم کارەم کرد.

کتێبێک لە شێوەی نامەیەکی عاشقانەی بڵند باڵاو پەیمانداری بۆ ڤیتا لە شێوەی ژیاننامەیەک کە سیلەتی «دوو رەگەزی»نووسیوە کە لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا بە شێوەی «پێکهاتەیەک لە ژن و پیاو، کە بە زۆری یەکێکیان زاڵە» دەردەکەوێت، سەرەتا لەگەڵ ئورلاندو وەک جوانێکی شانزە ساڵە لە سەردەمی مەلیکە ئەلیزابیسی یەکەم ،رووبەڕوو دەبنەوە ،کە لە ماڵێکی بنەماڵەکەیدا ژیان بەسەردەبات، کە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ماڵی مێژوویی هەیە، کە ڤیتای تێدا گەورە بووبوو، سەئیری بەرهەمەکە لە دێڕە سەرەتاییەکانیدا دەبینین:

پیاو وەک گومان لە رەگەزی نێرینەیی ناتوانێت بوونی هەبێت، ئەگەرچی دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەو پیاوە بە عەرەبییەکەی بە سەقفەکەوە ئاوێزان بوو، رەنگی تۆپێکی تۆپی پێی کۆنە بوو بێت، شێوەشی کەم و زۆر بە هەمان جۆر، جگە لە شێوە خارقەکان و یەک دوو دەستە موی زبری وشک وەک پێستی گوێزی هیندی. دەرکەوتنی ئولاندۆ بە درێژایی کات دوایدەکەوێت، لە سەردەمی دەسەڵاتی چارلزی دووەم ئەو وەک سەفیری گەورە دەنێردرێت بۆ قوستەنتینییە ،دواتر ئورلاندۆ لە قوستەنتینییە دەبینین:

سەعات حەوتی بەیانی لەخەو هەڵدەستێت، خۆی لە عەبای درێژی تورکییەوە دەئاڵێنێ ،سیغار دادەگیرسێنێت ،لەدوای ئەمە کە ئەم حاڵەتە لە بێدەنگی دڕکێکدا دروستدەبێت، دووچاری غەیبووبەی خەوبردنەوە دەبێت ،کە حەوت رۆژ درێژە دەکێشێت و بە دەنگی هەورەبروسکە لە ژوورەکەیدا خەبەری

دەبێتەوە:

خۆی کێشایەوەو هەستایەوەو بە رووتی لە بەرامبەر ئێمەدا وەستا، لە حاڵەتێکدا شیپورەکان (بوق) هاواردەکەن راستی! راستی! چارەیەکمان نییە جگە لەوەی کە دان بەوەدا بنێین ئاشکرایە کە ئەو ژنە: بە وتەی گێرەڕەوە – ژیاننامەنووس (لە سەرەتای جیهانەوە تاوەکو ئێستا ،هیچ مرۆڤێکی بەم جوانییە نەبینیوە، لەودا هێزی پیاوێک و جوانی ژنێک تێکەڵ بە یەکتری بوون) کتێبەکە پڕە لە دڕکەو نوکتەی سارد، لێرەدا ناونیشانی لاوەکی کتێب(ژیاننامە)بوو، لە چاپی یەکەمدا ئەو وێنەو دیمانانەی لەسەر ئۆرلاندۆ تێدایە. لەم نێوەندەدا سێ وێنەی هی ڤیتا بوو ،کە جلی سەردەمی مێژوویی لەبەردابوو، رۆمان سەرئەنجام دەگاتە سەدەی بیستەم، ئورلاندۆ عاشقی شاعیرێک دەبێت بە ناوی (مارمادوک بونتروپ شلمرداین). ئورلاندو گومانی هەیە کە مارمادوک ژنێکە کە خۆی وەک پیاو دەڕازێنێتەوە، هەروەها (مارمادوک)یش لە بەرامبەردا گومانی هەیە کە ئورلاندۆ پیاوبێت، بەڵام ئەم باسە کاریگەری لەسەر هەستی ئەمانە نەبوو، هەروەک ژیاننامەنووس دەیخاتەڕوو.

واقیعیەت ئەوەیە کاتێک وەک ژنێک دەنووسم، هەموو شتەکان خاڵی لونکەو ئاکامی کۆتایی شاژن بە پێچەوانەی پیاوەکانەوە، بە دڵنیاییەوە ئێمە هەرگیز لە جێگەیەکدا کە دەبوو بووینایە جێگیرنابێت.

لەپشت هەموو نوکتە پێکەنیناویەکانی کتێبەکەوە، ئەم جۆرە دەستەواژانە لەپشت گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە، ئاماژە بە باسی جدی و سەرەکی دەکات جیاوازی ژن و پیاو لەچیدایە؟ ئورلاندۆ وەک پیاوێک ئازادە، بەڵام وەک ژنێک دەبینرێت و لەو چاوەڕوان دەکرێت پیاوان رازی بکات (ملکەچ، داوێنپاک، بۆنخۆش، جلی جوان بێت) ئەو شتانەی کە پێویستی رێکخستن و دیسپلینە، و بەشێوەیەکی ئاسایی نایەتە بوون، خوێنەر بە گرانی رووبەڕووی ئاوازی مشتومڕ ئامێزی دەبێت.

ئورلاندۆ لەگەڵ (زەنگی کاتژمێری دوانزەی نیوەی شەو) لە 11/ ئۆکتۆبەری 1928 دەگاتە کۆتایی (دەمرێت)، ئەم رۆژە لە راستیدا رۆژێکە کە کتێبەکە چاپکراو لەوانەشە رۆژێک بێت ،کە ڤێرجینیا نوسخەکەی پێشکەش بە ڤیتا کرد، کە بە

درێژایی روانینی بەرهەمەکە ،ئەسڵەن ئەوەی نەخوێندبووەوە، پێش ئەم مێژووە ڤێرجینیاو ڤینا، بە مەبەستی پشوو سەردانی فەرەنسایان کردبوو، ئەمەش یەکەمین حاڵەت بوو لەگەڵ هەمووواندا ،دەچێنە دەرەوەی وڵات، ڤێرجینیا پێش گەشت بۆچوونی خۆی لەوەدا بە ئاوازی ئۆرلاندویی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

لەگەڵ وێرانەییەکاندا کە مانگ روناکیان دەکاتەوە و رێوڕەسمی سەماو نمایش و بۆنەکان دەڕۆن، هەتا لەگەڵ یەکێکی تردا قسەدەکات، تەنها کاتێک دەخـەوم کە مانگ سانی خۆی بە پەچەیەکی ناسک بپۆشێت، بە رۆژدا لە باخچەکاندا ئەگەڕام.

پاش گەڕانەوە بۆ بەریتانیا ڤێرجینیا نوسخەیەکی ئورلاندۆی پێشکەش بە ڤینا کرد، کاتێک ڤینا هەمووی خوێندەوە، بە ڤێرجینیای وت کە (سەرنجڕاکێش و دڵخۆش) بووە، بەڵام لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوسەرەکەی ئیراداتێکی بۆ کتێبەکە دەستخست، لیوناردو وۆلف وەک هەمیشە لەبارەی ئورلاندۆ (دەربارەی پەیوەندی هاوسەری لەگەڵ کەسایەتیەک کە نمونەی کتێبەکە بوو) هاوسۆز بوو لەگەڵی، ڤێرجینیا کاتێک ئیستینتاجی ئەو کتێبە زیاتر سەرنجی راکێشا، سەرسام و خۆشحاڵ بوو، ئێستا پەیوەندی ڤیناو ڤێرجینیا چووە قۆناغێکی پاکترەوە، ئەم دوانە دەزانن کە هەریەکەیان بەشێوەی خۆی خۆشەویستی قوڵیان بۆ هاوسەرەکانیان هەیە، ئەم خۆشەویستییە حاڵەتی زەوتکردنی تێدا نەبوو، بەڵام بە شێوەی پەیوەندی بەردەوام و خەلقیەتێکی بەهێز بۆ پەیوەندی ناجێگیری خۆیان مایەوە، ڤێرجینیا گومانی لە توانستی جەستەیی خۆی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکەیان وەفاداربوو، ڤیناش هەم دڵگیر مایەوە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە بێبەندو باریەکەی درێژەپێبدات، هەردووکیان ئەوەیان هەڵێنجا کە دەتوانن بەم شێوەیە درێژە بە ژیان بدەن و بۆ یەکتری دەنووسن، بەم شێوەیە بڕیاریاندا چەندین ساڵ وەک دوو هاوڕێی نزیک لە یەک مانەوە.

ڤێرجینیا وۆلف پلە بە پلە لەگەڵ کێشەکانی ناوبانگی ئەدەبیی رووبەڕوو دەبێتەوە، لە دەرەوەی گروپی خۆی بەرەو نەخۆشی تووڕەبوون دەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئۆکتۆبەری 1928 بانگهێشتی دوو کۆلێجی کچانەی (کامبرج نیونهام) و ( گروتن)ی قبوڵکرد ،تاوەکو گوتارێکیان پێشکەش بکات، گوتارەکانیشی تا ئاستێک

ناشیانه پێشکەشکرد، بەڵام ناوەڕۆکەکانیان کاریگەری بەردەوامی بەجێهێشت، ڤێرجینیا وۆلف بە فراوانکردنی ئەم دوو وتـارەی  لە کامبریج ،کتێبێکی بە ناونیشانی (ژووری خودی کەسێک) ئەم کتێبە باشترین بەرهەمی واقیعی ئەوە، ئێستاش کرۆکێکی فێمێنیستی هەیەو بە ناوەڕۆکێکی فێمێنیستی دادەنرێت، لە راستیدا هرمێون لی ژیاننامەنووسی سەدەی بیستەم ئەوەی خستەڕوو، کە ئەم بەرهەمە «لەوانەیە کاریگەریترین نووسینی دوور لە خەیاڵی واقیعی ژنێک بێت لە سەدەی بیستەمدا.

خودی ژوورەکە لە بنچینەدا بە کێشەیەکەوە سەرقاڵە کە ژنێک خوازیارە ببێتە نووسەرو رووبـەڕووی ئەوانە ببێتەوە، بە تێڕوانینی ڤێرجینیا وۆلف لە لوتکەی ئەم کێشەیەدا راستییەکی بنچینەیی نائامادەیی بوونی هەیە «ژنێک ئەگەر بیەوێت ببێتە نووسەر ،پێویستە پارەو ژووری لەو خودەی هەبێت» وۆلف دان بەوەدا دەنێت، کە بۆ ئەوە بتوانێت سەرقاڵی لایەنی ئەم کێشەیە بێت»لە مەسەلە گرنگی و ماهیەتی واقیعیەتی ژن و ماهیەتی واقیعی ئەدەبیاتی چیرۆکی و خەیاڵی کە چارەسەر نەکراوە رەها بکات».

یان بە شێوەیەکی تەواو و ورد رێگرەکانی دەژمارد ،کە هۆکاری ژنان نەتوانن بیرەکانیان بە باشی بخەنەڕوو، نەتوانن لە سوننەتی ئەدەبیی کە بە زۆری پیاوان ئەوە پێناسە دەکەن و شێوەی بۆ دروستدەکەن و جێگەی شایستەی خۆی بەدەستنهێناوە، هەڵوێستی کەسایەتییەکان نووسەرانی پیاو دەربارەی ژنان بە تەواوی یەکێکە لە رێگرە گەورەکان، وۆلف وتەیەکی ناوداری لە (ئەلیکسەندەر پۆپ) شاعیری سەدەی هەژدەهەم دەگوازێتەوە ،کە وتبوی «زۆرتر ژنان لە دەستدەری تەواوی کەسایەتین» و دیدگای ساموێل باتلر ئەخاتە ژێر پرسیار، کە وتبووی «پیاوانی عاقڵ هیچ کاتێک ناڵێن کە چۆن لەبارەی ژنانەوە بیردەکەنەوە» ئەو بە جدیتری گاڵتەئامێز هەڵوێستی ئەم پیاوە عاقڵانە لەبارەی توانایی یان نائوانایی ژنان بۆ خوێندن بە درێژایی سەدەکانی دەکۆڵێتەوە، «ناپلیۆن بیریدەکردەوە کە بێ توانان، د.جاکسۆن بە پێچەوانەی ئەوەوە بیردەکاتەوە  گۆتە نرخ و بەها بۆ ئەمانە دادەنێت، مۆسۆلۆنی ئەوانە تەحقیردەکات».

خودی ژورەکە بە مەسەلەی تایبەتەوە سەرقاڵە ،کە نووسەرانی ژن بە

درێژایی سەدەکان رووبەڕووی بوونەتەوە، دەیگێڕێتەوە کە ئەمانە چۆن لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا هاتوون و نووسەران چۆن کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەم مەسەلانەوە، ئەم نووسەرانە کۆمەڵێکی فراوان لەخۆدەگرن، لە نووسەرانی ناوداری وەک (جیم ئاستین) و (شارلوت برونت) تا نووسەرانی ناو ونی کە لە سەردەمی ڤێرجینیا وۆلف دا تەواو فەرامۆشکرابوون، تا دواجار لەناو گروپەکەدا دەتوانن بە شاعیر، رۆژنامەنووس، داستان نووسی سەدەی حەڤدەهەم ئاماژەیان بۆ بکرێت، کە بە بانگەشەی ڤێرجینیا وۆلف یەکەمین ژن بووە، کە لە رێگەی نووسینەوە گوزەرانیان بەڕێوە ببەن (ساڵێک پێشتر ڤینا سکویل - رۆژئاوا بۆ یەکەمین جار ژیاننامەی ئەوی نووسیبوو) یەکێکی تر لە کەسایەتیەکانی سەدەی هەڤدەهەم ،کە ڤێرجینیا ئاماژەی بۆدەکات (دوروتی ازیون) نامە نووسە، کە بۆ یەکەمین جار دەچێتە ناو ژیانی تایبەتی و کەسی ژنان و پەیوەندی ئەوانە بە پیاوانەوەجگە لەوەی، ئەو هەم لە سەردەمانێکدا ئەم باسانە بە گشتی سەرکوتکرابوون.

زیاتر لە ئاکامی هەوڵەکانی ڤێرجینیا وۆلف بوو، کە ئەم نووسەرانە زیندووکراونەتەوە، دواتر ماوەیەکی دوورودرێژی لەبەرچاو نەگیراو، سەرنجی ژنانی سەدەی بیستەم بۆلای ئەمانە راکێشرا، بە هەمان شێوە ڤێرجینیا وۆلف دیاریکردبوو، ئەم ژنانەی ئێستا بەشێکن لەو ژنە نووسەرانەی کە بەدوورن لە ونبوونی پێناسەکانیان و جێگەی خۆیان لە کلتوری گەورەتردا بەدەستهێناوە، هەروەها کلتوری تایبەتی ژنانەی خۆیان پیشانداوە، ئەم ژنە نووسەرانە سەرچاوەی ئیلهامی زۆر لەو ژنانە بوون، نەک تەنها ژنانی نووسەر، بەڵکو هەموو ئەو ژنانەی کە هەوڵ بۆ ئازادی و دەرخستنی خوازشەکانی خۆیان دەدەن و لەو پێناوەدا کاردەکەن.

لە روانگەی ڤێرجینیا وۆلفەوە رۆمان باشترین ستایل بوو ،کە ژنان دەتوانن بە سوود وەرگرتن لێی داهێنانی خۆیان گەشە پێبدەن، لە پلەی یەکەمدا بەهۆی ئەوەی کە ستایلی رۆمان بەردەوام مابووەوەو ئێستا هیچ کلتورێکی خنکێنەر کە لە خزمەتی نیازەکانی پیاواندا بێت، ئەوانەی سنووردار نەکردبوو، بۆ ژن رۆمان «بەو ئەندازەیە جوان بوو ،کە بە دەستی ئەو دەنووسرێت و پێکدێت».

جەسورانەترین جوڵەی ڤێرجینیا وۆلف لە ژووری خودی کەسێک بە

شێوەی وێنایی ئەنجامداوە»چونکە گەیشتن بە راستییەکان زۆر دژوارە، وەرن با وێنای بکەین ،کە ئەگەر شکسپیر خوشکێکی بەهرەمەندی بەناوی (جودیث) هەبێت چی روودەدات»و چۆن ژیانی ئەو وێنە دەکێشێت:

ئەو بە ئەندازەی براکەی مغامر و داهێنەرو چاوەنوارِی دنیابینی بوو، بەڵام ئەوی نەناردە خوێندنگە، جارێک کتێب دادەنرێت، لەوانەشە لە کتێبەکانی براکەی و چەند لاپەڕەیەکی دەخوێندەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دایک و باوکیشی دەهاتنە ژوورەکەی و دەڵێن گۆرەوییەکان ریز بکەن.

ڤێرجینیا وۆلف لە ساڵی 1931 بە نووسینی کتێبی (شەپۆلەکان) گەڕایەوە جیهانی رۆمان نووسی، ئەم بەرهەمەش تا ئەوکاتە ئەزموونترین بەرهەم و لە زۆر لایەنەوە شاعیرانەترین بەرهەم بوو، ڤێرجینیا عادەتی وابوو لەپێناو بەرهەمهێنانی ئەم رۆمانەدا لە دەفتەری یادەوەرییەکانی شتی دەنووسیەوە، دارِمانی ئەو لە رۆمانی ئاسایی قوڵ بوو، دیدگایەکی نا سازگاری بە ئەو بەخشیبوو»ئەم زمانی وێنایی و ریالیستیانە و سەرقاڵبوون و چارەسەرکردنی رووداوەکان لە بەیانیەوە تاوەکو ئێوارە هەڵەیە، نا واقیعییە، تەقلیدییە، چۆن مۆڵەت بە شتێک بدەین، بێنە ناو جیهانی ئەدەبیاتەوە کە شیعر نییە؟ چۆن ئەدەبیات بەوە تێر بکەین؟» لە شەپۆلەکاندا مەبەستمانە هەموو شتە زیادەکان و ناڵە ناڵینەکان حەز بکەین، تاوەکو تەواویەتییەکان ببەخشین و هەرشتێک کە هەیە بەوی ببەخشین، دەمانەوێت بڵێین ،کە کات پێکهاتەیەکە لە بیرو هەست، دەنگی دەریا».

نووسینی رۆمانی لەم جۆرە ئەزموونێکی قوڵ و ئیلهامبەخشیە، هەروەها هاندەری ململانێی بوو، نووسینی شەپۆلەکان جارێکی تر ئەوی بردەوە بۆ سەردەمی روخانی دەروونی، هاوسەرەکەی لیۆناردۆ دوای خوێندنەوەی کتێبەکەو تەواوکردنی، پێیوابوو شاکارێکەو ئەم قسانەی ئەو، بێگومان متمانەی دەروونی ڤێرجینیا بەهێزکردو بوویە رێگری قەیرانی دەرونی تر.

هەرچەندە شەپۆلەکان لەجۆرێک لە رەنگ و رێنمایی سەرەتایی بۆ خوێنەر دوورەو، بەرهەمێکە بۆ خوێنەر دشوارە، بەڵام هەر ئەم چۆنیەتیانە هۆکارن کە خوێنەر لەم بەربەستانە تێپەڕێت و خۆی بخاتە دنیایەکەوە، کە زۆر پێوەی پەیوەست دەکات و وەک هەر چیرۆکێکی تر راشکاوانە سەرنجراکێشە،

وۆلف لە شەپۆلەکاندا ستایلی رووداوەکان بەرەو ناوچەو سەردەمێکی نوێ دەبات.
لە شەپۆلەکاندا ڤێرجینیا وۆلف سەرکەوتوو دەبێت ،کە هەم سیولەو هەم نائارامی شوناسی تاکی بخاتەڕوو، لە ژیانی خۆشیدا ئەم باسە بیری سەرقاڵکردبوو، ترسی داڕمانی دەرونی هۆکار بوو، دووبارە بە توندی ئاگاداری خاڵە لاوازەکانی کەسایەتی خۆی بێت، بەڵام توانستی ئەو لە بەکارهێنانی تەکنیکە ئەدەبییەکان ،هۆکاربوو کە لە شەپۆلەکاندا کە زۆرتر لە مەترسییە کەسییەکانی دووربکەوێتەوەو دەگاتە خاڵێک کە دەتوانێت گشتییەتی ئەمە هەست پێبکەین. لە کۆتایی مۆنۆلۆگی درێژی کتێبەکەدا، برنارد (نووسەرێک) نزیکترین بیری خۆی لەگەڵ جەماوەرێتی خەیاڵیدا دەردەبڕێت «کورتەی قسە... ئێستا دەمانەوێت واتای ژیانم بە برایت بڵێم، چونکە ئەوانی تر ناناسم» برنارد دەزانێت کە شوناسێکی دیاریکراوی نییە، نە شوناسێکی دەرونی و نە شوناسێکی رەگەزی «من تەنها کەسێک نیم، چەند کەسێکی جیاوازم»، هەروەها دەڵێت «رابردووی نەبوو، ئایندەشی نەبوو، تەنها ساتێکە».
دوای چاپکردنی شەپۆلەکان لەگەڵ ئەو مەدحەی کە لیوناردو وۆلف کردی، ڤێرجینیا لەو کاتەدا بەهۆی دابەزینی ئاستییەوە غەمی دەخوارد، مەرگی زهنی ئەوی بە خۆوە سەرقاڵکربوو، هەڵبەت ئەمەش بێ بەڵگە نەبوو، لەم سەردەمەدا ژمارەیەک لە هاوڕێیان لە گروپی بلومزیری و چەند نووسەرێکی بەناوبانگی تر، کۆچی دواییان کردبوو، مردنی (d.h لارسن) کاریگەری لەسەر ڤێرجینیا هەبوو، لەگەڵ ئەوەی لارنسی نەدیبوو ، بابەتە نووسراوەکانی پەسەند نەدەکردو بەهۆی وێنە گاڵتە ئامێزەکانی لە کتێبی ژنانی عیشق لە ڤیتا سکویل – وست خستبووە ڕوو، لە دەستی ئەو تووڕە بوو، بەڵام جگە لە چاکردن ئامادەباشی و بەهرەی سەرەتایی ئەو بەهرەدارییەی کە لەوەوە وەریدەگرت، چارەیەکی تری نەبوو، دەبینی کە خۆی و ئەو هەریەکەیان بە شێوەی خودی بە ئامانجێک دوایدەکەون ،ئەوەی کە رۆمان پڕ شۆرانەتر و شاعیرانەتر دەخاتەڕوو، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتی ڤێرجینیا وۆلف کەم و زۆر لە لیبتۆن ئستریجی دووردەکەوێتەوە، ئەگەرچی دیدارێکی ساتێک ناساتێک ئەو لەگەڵ ڤێرجینیا لە ماڵە گوندییەکەیدا لە رادمل ساکس پەیوەندی سۆزداری و بەتینی کۆنیان نوێ دەبوویەوە، ڤێرجینیا لە نامەیەکدا بۆ ڤیتا سکویل لەم بارەیەوە دەنووسێت «لیۆن دێت، پێکەوە دەمێنینەوەو، دەربارەی ئەلیزابیسی شاژن، لەوات

عیشق ئائنیگۆن، ئائلو قسەدەکەین» ڤێرجینیا هەمیشە کەمێک هەستی ئیرەیی بە سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی لیئۆن دەبرد، لەگەڵ بوونی ئەمەشدا ڤێرجینیا بەهۆی مردنی لە ناکاوی بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی گەدەوە لە ساڵی 1932 تووشی شۆک بوو، لە هەمان ساڵداو لە ساڵی 1932 ڤێرجینیا وۆلفی پەنجا ساڵە بەرگی دووەمی خوێنەری ئاسایی چاپکردەوە، ئەم بەرگەش وەک بەرگی یەکەم کۆمەڵێک وتار بوون ،دەربارەی هەڵبژاردەیی کۆمەڵێک کەسایەتی هەڵبژێردراوی بەریتانیا بوو، هەر لە «چین ئۆستین تاوەکو بو رامل، لە فلیپ سیدنی تا تۆماس هاردی ئەو هەندێک جار جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە شیکارو لێکدانەوەی هەر وەچەیەک لەم کەسایەتیانە جیاوازی هەیە، لەگەڵ وەچەی نەوەکانی تر وەک هەمیشە ڤێرجینیا وۆلف قسەی زۆری هەر لەسەر ژنانی ئەدیب و کەسێتی خۆی دەکرد ، هەرچەند هەموو قسەکانی پشتگیری و لایەنگری نەدەکران، دەربـارەی کتێبی «بەزەیت پێدابێنەوە Aurara Laigh)ی ئەلیزابێس مرێت براودنگ دا دەنووسێت «ئەگەر ئەم کتێبە لە شوێنی دابنێین ئەم یادگارییە لە کۆنەوە ماوەتەوە بە ئەندازەیەک ئێمە نغرۆی بیرکردنەوەی فەخر فرۆشانە دەکات، خوێنەری نییە، وەک مەوقەعیەتێکە کە وردە ریزەکان بەرەوە بوخاری ماڵی دایەگەورەمان دەیکەینەوە.

پاش ئەوەی لە ساڵی 1939 نازییەکان هێرشیان کردە سەر لهستان، بەریتانیا و فەرەنسا شەڕیان لە دژی ئەڵمانیا راگەیاند ، کاتێک هێرشکردنە سەر بەریتانیا نزیک بووەوە، بۆمبارانی شاری لەندەن دەستپێکرد و ماڵی ڤێرجینیا و هاوسەرەکەی بەر ئەو بۆمبارانە کەوت، بۆیە ئەوان چوون بۆ ماڵەکەی تریان لە (رادول)، ڤێرجینیا بۆئەوەی بیری لە جەنجاڵی دووربخاتەوە، دەستیکرد بە نووسینی رۆمانێکی نوێ بەناوی ( لەناو پەردەدا) لەم رۆمانەیدا هەوڵیداوە واقیعبینی خۆی لە بارەی دیالێکتیکی مێژووەوە بە دیدگای شاعیرانە لە بارەی جوانی ئاشتیەوە بخاتەڕوو، رۆمانەکە وەسفی رووداوێکی رۆژێکی زستان دەکات لە ماڵێکی لادێی دا ،کە بڕیارە نمایشێکی مێژوویی بەڕێوە ببرێت، بەڵام دەکەوێتە ژێر ململانێی جەنگەوە، کاتێک ئەم رۆمانەی تەواوکرد، ئیدی شتێک نەمابوو ئەو لە مردن دووربخاتەوە، ڤێرجینیا بەهۆی کەئابەیەکی توندەوە لە رۆژی 28 مارسی 1941 خۆی خستە رووباری ئوزەوە لە نزیک ماڵەکەی و خۆی نوقم کرد و خۆی کوشت.

## بەرهەمەکانی ڤێرجینیا وۆلف

- گەشتی دەرەوە 1915
- شەو و رۆژ 1919
- ژوری جیکۆب 1922
- خوێنەری ئاسایی (کۆمەڵەی یەکەم) 1925
- خاتوو دالوی 1925
- بەرەو فانوسی دەریایی 1927
- اورلاندۆ 1928
- خودی ژورەکە 1929
- شەپۆلەکان 1931
- خوێنەری ئاسایی (کۆمەڵەی دووەم) 1932
- سەلەکان 1937
- راجر فرای - ژیاننامە 1940
- لەنێو پەردەدا 1941

## ڕۆژمێری ژیان له سەردەمی ڤێرجینیا وۆلف

**ساڵ** **ڕووداو**

1882 25ی ژانویه ڤێرجینیا وۆلف بەناوی (ڤێرجینیا ئیستیۆن) کنزینگتون له لەندەن لەدایک بوو.

1890 بەدیاریکراوی لەم ساڵەدا توشی ئازاری جەستەیی بوویەوە لەلایەن (جرالد)ی زربرا هەژدە ساڵەکەی.

1895 له مانگی مەیدا دایکی (جولیا) کۆچی دوایی کرد، ڤێرجینیا به درێژایی وەرزی هاوین، دووچاری نەخۆشی دەروونی بوویەوە.

1904 زڕبراکەی تری (جـۆرج) شوێنەواری دەستدرێژی سێکسی لەسەر ئەو جێهێشت، له مانگی مەیدا (سر لزلی ئیستیۆن) باوکی ڤێرجینیا کۆچی دوایی کرد، دووباره به درێژایی زستان توشی نەخۆشی دەروونی بوویەوە. بەهۆی ئەم قەیرانه دەرونیانەشەوە ،هەوڵیدا له پەنجەرەکەوە خۆی فڕێبداتە و خۆی بکوژێت، ڤێرجینیا گواستیەوە بۆ خانوی ژماره (46) له مەیدانی (گوردون) له گەڕەکی (بلومزبری) ،ڤێرجینیا بەبێ واژوو له ڕۆژنامەی تایمز ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسێت.

1905 گەشتی خانەوادەکەی بۆ یۆنان، لەدوای ئەوە (لوبی) هاوڕێی ڤێرجینیا بەهۆی نەخۆشی تای تیفۆئید له لەندەن کۆچی دوایی کرد.

1910 هـاوکـات (ئـادریـان)ی بـرای و هاوەڵەکانی بـەشـداری سەرکەشییەکی مەترسیدار دەکەن.

1911 لەگەڵ لیۆناردو وۆلف هاوسەرگیری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری نەخۆشیەکی دەروونی درێژخایەن دەبێتەوە، بەهۆیەوە له کۆتایدا خۆی دەکوژێت.

1914 دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم

1915 ڤێرجینیا یەکەم ڕۆمانی بەناوی (گەشتی دەرەوە) بڵاودەکاتەوە.

1917 کودەتای بەلشەفیکر روسیا بە رابەری لینین روودەداث.
1918 کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم
1919 ڤێرجینیا شەو و رۆژ بڵاودەکاتەوە
1922 ساڵی رەونەقی مۆدێرنیزم، جویس پاش ئەوەی بەرهەمی (اولیس، یولیسز) دەزگای هیوگارد لە پاریس چاپی کرد، ساڵی دواتر دەزگای هوگارب (سر زەمینی وشک) تی ئێس ئەلیوتی چاپکرد، ڤێرجینیا وۆلف (ژوری جیکۆب)ی بڵاوکردەوە.
1925 ڤێرجینیا وۆلف رۆمانی خاتوو دالفی و یەکەمین کۆمەڵە وتاری (خوێنەری ئاسایی) بڵاوکردەوە
1926 مانگرتنی گشتی بەریتانیا دووچاری شەلەل دەکاث
1927 ڤێرجینیا بەرەو فانۆسی دەریایی بڵاودەکاتەوە
1929 روخانی (وال ستریث)هەواڵی شکستی ئابوری دەداتە جیهان، ڤێرجینیا (خودی ژوورەکە بڵاودەکاتەوە)
1931 بڵاوکردنەوەی شەپۆلەکان
1932 بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەی دووەمی خوێنەری ئاسایی
1933 هیتلەر لە ئەڵمانیا گەیشتە دەسەڵاث
1937 ڤێرجینیا (ساڵەکان)بڵاودەکاتەوە
1939 ئەڵمانیای نازی هێرشی کردە سەر لهستان و جەنگی جیهانی دووەم دەستپێکرد.
1940 ڤێرجینیا کتێبی (روجر فرای Roger Fry، ژیاننامەیەک)ی نووسی.
1942 بەرهەمی (لەناو پـەردەدا)ی تەواوکرد، لە مانگی مارس بەهۆی ترس و دێوانەبوون وایکرد خۆی بخاتە رووباری(ئۆز) و خۆی بکوژێث

**سەرچاوە:**

اشنایی با ویرجینیا وولف ، پل استراترن ، ترجمە: مرجان رضایی